# پێناسەیەكی دیكە بۆ ڕووداوەكان پێویستە



**هەندرێن شێخ ڕاغب**

نەژاد پەرستەكانی توركیا بەمەترسی لەهەوڵەكانی ڕۆژئاوا دەڕوانن، هەر كە دێتە سەرباسی ئەوروپاو ئەمریكا دەگەڕێنەوە بۆ مێژووی دەوڵەتی عوسمانیو دەڵێن ڕۆژئاوا ئیمپریالیستە! هەوڵ دەدات توركیا لاواز بكات، خاكەكەی دابەش بكات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی. ئەم جۆرە تێگەیشتنەی نەژاد پەرستە توركەكان بۆتە بەشێك لەبیركردنەوەو ڕەفتاریان بەرامبەر بەهەر كوردێك لەتوركیادا بەتایبەتیش پەكەكەو خەباتی نەتەوەیی لەباكوری كوردستان. بە بۆچوونی ئێمە توركیا لەم جۆرە تێگەیشتنە قازانجی نەكردووە لەداهاتووشدا ناتوانێت بەم جۆرە ڕوانینە بگاتە چارەسەرێكی واقیع بینانە بەرامبەر بەكێشەی كورد لەتوركیاو ڕووبەڕووبونەوەی لەگەل پەكەكەدا. ئەزمونی ڕابردوو ئەنجامدانی ٢٤ئۆپەراسیۆن بەمەی ئێستاش كەبیست وپێنجەمینە، دەركەوت چەكو جەنگ ناتوانێت توركیا لەكێشەی كورد دەرباز بكات، دانوستانی سیاسیو دیموكراسیو كرانەوە بەرووی دنیای پێشكەوتوودا كۆمەكێكی گەورەی توركیا دەكات بۆ ئەوەی جارێكی دی متمانەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێتەوەو لەگۆڕەپانەكەدا ڕۆڵێكی گەورەتر ببینێت. بەلام پێدەچێ ڕەفتارەكانی توركیا هێندە بچووك بن كە سیاسیەكی تازە فراژوو بوش شتی وا ناكات، ئاخر بڕینی كارەبای دهۆك دەتوانێت كێشەی پەكەكەو هەرێمی كوردستان لەناوبەرێت یان چارەسەر بكات؟ ئەمە ڕەفتارێكی زۆر بچووكن كە مانای تەسكبینی بەرامبەر دنیاو كێشەكان دەگەیەنێت. دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەستراتیژی كاركردنیاندا هەوڵی دیموكراتیزەكردنی سیستەمەكانی فەرمانڕەوایی جیهان دەدەن، هەوڵ دەدەن ڕژێمە دیكتاتۆرەكان لەحوكمرانیدا نەمێنن، پشتگیری لەكەمینەو مافی مرۆڤ لەجیهاندا دەكەن. وەلێ لەم كاتەدا توركیا هەڵسوكەوتی عەجائیب دەكات خوێندكارێكی كچ بانگهێشت دەكات بۆ لێپرسینەوە لەسەرئەوەی بەقەڵەمەكەی دەستی خەتی بەسەر وێنەی ئەتاتورك هێناوە لەسەربەرگی كتێبەكەی لەمەكتەبدا، فڕۆكەكانی دەنێرێ ژنو منداڵانو قوتابخانەی گوندەكانی باشوری كوردستان خەڵتانی خوێن دەكات. ئەمە توركیا لەئاستی نێودەوڵەتیدا ڕووبەروی گوشاری زۆر دەكاتەوە. هەرچەندە ئێمە توانای ئەوەمان نیە قەناعەت بەو نەژاد پەرستانە بێنین كە توركبوونی تەسكی ئەوان بەر لەهەرشت خۆیان بەپشكۆكە دەسوتێنێتو ئێمەش بێ ئومێد دەكات لەئایندەدا بگەینە ڕێگا چارەیەك بۆ ئاشتی. لەلایەكی دیكەوە هەرێمی كوردستان كەوتۆتە ناو ململانێیەكی ڕۆژانەو دوور مەودای ئەم هاوكێشەو تێگەیشتنانە، بوونی پەكەكە لەسنوری عێراقدا، وایكردووە ئەم نەژادپەرستانە ڕاستەوخۆ پەنجەی شەرانگێزی بۆ ئێمە لە هەرێمی كوردستان رابكێشن. ئەمەش مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم عەقڵیەتە دژوارتر دەكات، توركیا بەردەوامە لەدروستكردنی فشارەكانی بەلام لەهەموو ئەم فشارانە بۆ ئێمە گرنگتر چۆنیەتی پەیوەندی نێوان توركیاو ئەمریكایە، ئاسان نیە بۆ ئێمە كاتێك سەرۆك بوش لەئەمریكا بە سەرۆك كۆماری توركیای گوت: " پەكەكە دوژمنی ئێمەو ئێوەیە" . ئاسان نیە ورد نەبینەوە لەپێگەی خۆمان لەبەرامبەر ئەو فشارە بەردەوامانەی كە توركیا دەیخاتە سەر ئەمریكا. نابێت هیچ جۆرە هەنگاوێكی ئەمریكا بەكەم بزانین لەناوچەكەدا.. چونكە عێراق لەژێر كۆنترۆڵی ئەمریكادایە دەتوانێت زەبری گەورە لەئەزمونو بەرژەوەندیو ئامانجەكانمان بدات، لەلایەك ئەمریكا جێگای گومانە، لەلایەكی دی ڕەفتارەكانی توركیا دڵخۆشكەرنین، كورد لەم نێوانەدا دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە. هەم لەناوخۆیدا بەرەیەكی تۆكمەو پڕ متمانە دروست بكاتەوە هەمیش لەدەرەوە هەوڵی پڕ دەستكەوت بدرێت، جیهان پێویستی بەئیشكردنێكی وردو شەكەتبار هەیە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێكی واقیع دەرهەق بەئێمە بخاتە ناو سكی ئاوس بووی ڕوداوەكان لەئایندەی ناوچەكەدا، هیچ عەیبی تێدانیە بڵێین هەڵەبووین لەهەندێ بیركردنەوە، عەیب لەوەدایە ڕاستی ڕووداوەكان بشارینەوە، دەبێت كورد بەخۆیدا بچێتەوە، چونكە پەندێكی لەمێژینەی ڕوسیا پێمان دەڵێت: " هەرگیز بارودۆخ لەگەڵ مرۆڤ ناگونجێت، دەبێت مرۆڤ لەگەل بارودۆخ خۆی بگونجێنێ" .

# ئێستێتیك

**کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی گۆڕیوێتی**



## بەشی پێنجەم

### ٩- ئەڵمانیا لەکاتی رۆشنگەرییەوە

هەندێك لایەنی رۆشنگەریی ئەڵمانی تێڕوانینەکانیان ئاڕاستەی کارایی ئاکارییانەی هونەر کردبوو (لەوانە: کریستیان فیورشتەگۆت گێللەرت، یۆهان گیۆرگ زولتسەر). زولتسەر لە نووسینی "تیۆریی گشتیی هونەری جوان"دا (١٧٧٣-١٧٧٥) دەبێژێ: "مەبەستەکەی ئەو (هونەر - و) برێتییە لە جوولەی زیندووی ژیانی ناخەکی، ئامانجی ژیانی ناخەکیش برێتییە لە بڵنداندنی هۆش و دڵ ...، لە بزواندنی رەوشت". گوێتەساڵی ١٧٧٠ دژی ئەم تێگەیشتنە تەسککەرەوەیەی هونەر وەستایەوە.

ئێستێتیکی رۆشنگەریی ئەڵمانی، کە پاڵهێزی لە بەدیهێنانە پڕبەهاکانی ئێستێتیکی ئینگلیزی و فەڕەنسی وەرگرت، خۆی لەو رەهەندە جیاکردەوە، کە ئەو دوو رۆشنگەرییە رووەو نامێژوویەتی هەیان بوو؛ ئێستێتیکی رۆشنگەریی ئەڵمانی ویستی لە هونەر دەربڕینی ژیانی بەمێژوویی بووی گەلان تێبگات. ئێستێتیك، بە هەمان شێوەی ئەدەب لە رۆشنگەری و کلاسیکدا، ئامرازی خەباتی ئازادبوونی "ستاندی سێیەم" بوو.

یۆهان یۆئاخیم ڤینکلمان (١٧١٧-١٧٦٨) یەکەم هەنگاوی بەواتای بۆ ئەم مەبەستە نا. تاسەی ڤینکلمان بۆ نیشتمانێکی ئازاد لکا بە رەفزکردنی دابەشبوونی فیۆدالییانەی ولاتەوە. ئەو بەڕێی دیراسەی هونەری کلاسیکیی گریکییەوە بەو بڕوایە گەیشت، کە یەکەم بناغەی مەزنێتیی گریکەکان ئازادی بووە. ئەم هزرۆکەیە کاریگەرییەکی پڕواتای نواند لەسەر تێڕوانینە ئێستێتیکییەکانی گۆتهۆلد ئێفرایم لێسینگ (١٧٢٩-١٧٨١) و هێردەر (١٧٤٤-١٨٠٣). هێردەر هونەری وەك بەهرەی جیهان و گەلان دانا نەك وەك ئیمتیازی تاکە "هزرڤانانی دەستەبژێر".

### ٩-١ یۆهان گۆتفرید فۆن هێردەر

هێردەر لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنە، کە هونەر وێنەی ژیانە، لە کارەکتەرە تایبەتمەندەکەی هونەر کۆڵییەوە و گەیشت بەو تێڕوانینە، کە مەرجی هونەر برێتییە لە چالاکیی سێنسەکانی مرۆڤ و کاریگەریی سێنسییانەی بابەتە ریالەکان. کەواتە دەبێ جوانێتی لە هونەردا چ لە لایەنی سێنسێتییە چالاکەکەی مرۆڤ و چ لە لایەنی جوانێتییەوە لەنێو بابەتدا لێبکۆڵرێتەوە. هەردووکیان لەنێو فۆرمی هونەریدا، کە وەك فۆرمی جوان هاوکات دیاردەی دەرکپێکراو و راستێتی و چاکە پێکدەهێنێ، پێکەوە دەلکێن. بۆیە هێردەر فۆرمی ناو نا "جەوهەر"ی هونەر و جوانێتیشی پێناسە کرد وەك فۆرمی جەوهەرمەندانەی شتەکە، کە لە بڕیاری ئێستێتیکیدا بڕیارێکی مۆرالی و تێگەیی-لۆجیکیش لە خۆ دەگرێ.

هێردەر لە بەرهەمە ئێستێتیکییە سەرەکییەکەیدا بە ناونیشانی "کالليگۆنە" سەبژێکتیڤیزمە ئەبستراکتەکەی ئێستێتیکی کانت دەگەڕێنێتەوە. بۆ ئەم ئێستێتیکەی کانت ئەوە جوانە، کە مرۆڤ بەبێ گرنگیپێدان (ئینتەرەسە) و بەبێ تێگە ئیئجابی بۆی هەیە، بەڵام هێردەر بە پێچەوانەوە گۆڕان بەو هزرۆکەیە دەدات، کە هەموو سێنسێك برێتییە لە شادیبینین لە بابەتەکەی و ئەو سێنسە هاوکات ئەرێنیی خودی خۆی دەکات. لە سیستەمەکەی کانتدا تەنها بە زەخرەفە و ئەرابێسك، نەخشی فەرش و ئێستێتیکی "جوانیی ئازاد" توانا درابوو، ئەویش چونکە هەموویان بێ ئینتەرەسەن و هیچ تێگەیەك وەك مەرج بۆ ئەوە دانانێن، کە داخۆ بابەتەکە چی بێ. هونەر بۆ هێردەر هەمیشە زەوقە (Genuss)، چونکە مرۆڤ بەڕێی هونەرەوە، "بەبێ زیانی تایبەتمەندێتی لەنێو تاکێتیدا، بە شادییەکی ئیدیالیستییەوە دەرك بە سەرجەمێکی خودی هەمان ئەو جۆرە دەکات". هێردەر ئەو تێڕوانینەی هەبوو، کە فۆرمێکی هونەری خاوەنی راستییەکی ژیانە و ئەم راستییەش بە ئەوەوە پابەندە، کە داخۆ هەتا چەند بلوێ لەنێو خودی ئەو راستییەدا "ئەو بناغەیە ببینرێ کە مۆرکی سەرجەم ژانرەکە پێکدەهێنێ". بەڵام ئەمە تێڕوانینێکی ئێستێتیکییانەی نوێ بوو، کە تێیدا گۆڕانی شۆڕشگێڕی هەتا شۆڕشی فەڕەنسی نیشتبوو. بۆیە هێردەر ساڵی ١٧٩٤ بە ئاشکرا لایەنگریی ئەو روانگەیەی دیدرۆی کرد، کە بەو پێیە تاکایەتی (ئینديڤیدوالێتی) هەر چۆنێك بێ کەوتۆتە ژێر رکێفی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

### ٩-٢ گوێتە

یۆهان ڤۆلفگانگ گوێتە (١٧٤٩-١٨٣٢) هونەری ناو نا "وێنەی ژیان"، "پێشهەستی جیهان"، "مێتۆدی هۆشەکی-پراکتیکی-میکانیکییانە"ی یان مێتۆدی "هۆشەکی-سێنسییانە"ی دەستبەسەرداگرتنی رووداوگە. بەڵام بۆ ئەوەی هونەر بەم مۆرکەی بگونجێ، ئەوا دەکەوێتە ژێر رکێفی ئەو یاسایانەوە، کە هونەر بەروونی لە پەیوەندییە گشتییە ئێستێتیکییەکانی مرۆڤان جیادەکەنەوە. لەنێو ئیشێکی هونەریدا گەرەکە هەموو شتێك لە لایەن سێنسەکان و هۆشەوە شیاوی گرتن بێ، هەروەها گەرەکە هێزبەخش و رۆشنبیرکەر و مەزن بێ. بەم رێیەوە لایەنە ئێستێتیکییە تایبەتمەندەکەی ئیشی هونەری لە ئێستێتیکێتیی سروشت بە سەرجەم بابەتەکانی نێوییەوە، کە مرۆڤ لە دەرەوەی داهێنانی هونەری دروستیان دەکات، جیادەبێتەوە. هونەرمەند بە شێوەیەکی هۆشەکی-پراکتیکی دەست بەسەر رووداوگەدا دەگرێ، ئەویش کاتێك هەوڵ دەدات، ئیشێکی هونەریی کامیل، نەك ئیشێکی سروشتی،

بهێنێته ئاراوه.

گوێته ئەو رەهەندەی مەحكوم كرد، كه دەیەوێ هونەر له سروشت و پرسیاره بناغەییەكانی كۆمەڵگه دابڕێ و جیهانێكی دووەم و پڕنهێنی و باڵاتری وەك بابەت بۆ دابنێ. هونەر له روانگەی ئەو دەبێ هێز و ئازایەتی به مرۆڤ بدات، تاكو بتوانێ له خەباتەكانی ژیاندا سەركەوتن بەدەست بهێنێ. گوێته رێزی له سروشتێتیی زیندوو دەگرت و تێگەیشتنێكی مێژووییانەی هەبوو، لێرەشەوە گەیشت بەو هەڵوێسته كه ئەو جۆره قۆناغانەی هونەر وەك پڕبەها ببینێ.

**٣-٩ هێگل**

گیۆرگ ڤیلهێلم فریدریش هێگل (١٧٧٠-١٨٣١) له مێژوو وەك پرۆسەی خۆدروستكردنی یان پرۆسەی سەرجەم چالاكیی مرۆڤ تێدەگەیشت. یەكەم پله، كه تێیدا رەها (المطلق)، وەك هوشیاریی مرۆڤ، له خودی خۆی تێدەگات و خۆی دەكات به لێڕوانین و شعور، بۆ هێگل برێتییه له هونەر، واتا برێتییه له زانین له فۆرمی دەركپێكراوی و ئۆبژێكتیڤێتیدا؛ دووەم پله برێتییه له ئایین وەك "زیكری ناخ كه رووەو بابەتی رەها هەڵوێست وەردەگرێ"؛ سێیەم و باڵاترین پله برێتییه له فەلسەفه (واتا فەلسەفەكەی هێگل).

هێگل رایگەیاند، كه نەشیاوه هەموو راستییەك ببێ به بابەتی هونەر. بۆ پاڵ ئەمەش پێویسته هونەر لەنێو خۆیدا شیمانەی پەڕینەوه رووەو فۆرمی دەركپێكراوی كۆنكرێت هەڵبگرێ، تاكو بتوانێ وەك ئیدیال جوانێتیی هونەر له خۆ بگرێ. پێشتر هێردەر ساڵی ١٧٧٠ دژی "ئێستێتیكەكان" وەستابۆوه، كه به شێوەیەكی لەژمارە نەهاتوو له سەرهەڵداندا بوون و ئەبستراكسیۆنەكانیان دەبوونه مایەی دووركەوتنەوه له هونەرەكان نەك نزیككەوتنەوه لێیان. "پلاستیك"ـەكەی هێردەر و "لائۆكۆن"ـەكەی لێسینگ دەشێ بەرانبەر هەڵوێستەكەی هێگل برێتی بووبن له ئاڕاستەگریی رووەو تایبەتمەندێتییەكەی جۆرەكانی هونەر و بەرانبەر تێگەی مەزەنەیی (سپێكولاتیڤی) ئێستێتیك و "هونەر" دایاننابن.

**١٠- رۆمانتیك**

رۆمانتیكییەكان، جیاواز له ئێستێتیكی كلاسیكی ئەڵمانی، دەرەنجاماندنیان له چێبوونی كاری دابەشی ئابوورییانه و فۆرموەرگرتنی كۆمەڵگەی مەدەنی (بۆرژوازی - و) و راسیۆنالێتییەكەی ئەنجام دا. رۆمانتیكییەكان كۆمەڵگەی مەدەنییان وەك جیهانی چەوت دەبینی. ئەوان خۆیان به رەگی جیاوازی فەلسەفییەوه (بۆ نموونه ئیدیالیزمی سەبژێكتیڤییانەی فیشته) گرتبوو، یان تەنانەت گەیشتبوون به جۆرێكی تیۆسۆفی (نۆڤالیس، فریدریش شلێگل)؛ لای ئەوان "هێزی وێنا و ئەندێشه، هەست و خورپەی ناخەكی برێتی بوون له ئۆرگانه گرنگەكانی زانین" (ڤ. هایزه)، ئەوان له دژی پەخشانی رۆژانه هۆنەرێتییان دانا، كه بۆ ئەوان هاوواتای رۆمانتیكێتی بوو.

تەنانەت "سكاڵاكانی راهیبێكی هونەردۆست" (١٧٩٧)ی ڤاكنرۆدەر، هەروەها نووسینەكەی ڤاكنرۆدەر و تییك به ناونیشانی "ئەندێشەكان لەبارەی هونەر"، ئەم جۆره رزگاربوونه (ئینقاز) و ئایینییان وەك بناغەیەكی نوێی هونەر دەبینی. هەروەها شلێگلی كلاسیكیست، كه سەرەتا هەڵوێستێكی كۆماریی هەبوو، ساڵی ١٨٠٣ له نموونەی ڤارتبورگدا رووی خۆی رووەو "بەرزایی و قەڵا" جێهێڵراوەكان وەرچەرخاند و لێرەشەوە رایگەیاند: "لەوە دەچێ هونەر لەناوچووبێ". بەڵام رۆمانتیك هاوكات گرنگیی دەدا به هێزی وێنا و وەك حەشارگەی سەبژێكتیڤێتی دەیبینی، بەم هەڵوێستەشی تەنانەت له ئێستێتیكی رۆشنگەرانه جیا دەبێتەوه، ئەمەیش ئاشكرا دەبێ، گەر بۆ نموونه له هەڵوێستەكەی زولتسەر بڕوانین، كه بڕیارێكی ئەوتۆی بەسەر ئێستێتیكی رۆشنگەرانەدا دا، كه گوایه "له خۆیدا ساویلكەیه، بەرەڵا و موغامەرەچییه، ئەمەیش به هەمان شێوەی ئەو خەونانه كه بەرهەمی ئەو خۆیین".

بێگومان كانت پێشتر رێگەیەكی پۆزەتیڤی رووەو دیاریكردنی هێزی وێنا (ی ترانسێندێنتال) پێشان دابوو، كه پاشان له لای ڤیلهێلم فۆن هومبۆلت به هونەرەوه پابەند دەكرێ؛ له روانگەی فۆن هومبۆلت هێزی وێنا "سروشتمان له فۆرمی نوێدا" بۆ دادەڕێژێ. بەتایبەتی له "سیستەمی ئیدیالیزمی ترانسێندێنتال"ی شێلینگدا دەنگ به سەبژێكتی چالاكدا دەنرێ: "من ... برێتییه له بەرهەمهێنەری خودی خۆی". سەبژێكتی چالاك بەتەواوی له بەرهەمی هونەریدا دەردەكەوێ، بەرهەمی هونەریش برێتییه له "لێڕوانینی بەبەرهەم، كه خۆی له باڵاترین توانای بەدیهێناندا دووپات دەكاتەوه ... تاكه شتێك، كه ئێمه بەرێیەوه بەتواناین تەنانەت دژبێژیش بهزرێنین و بپوختێنین، برێتییه له هێزی وێنا".

هونەر وەك "كورتكردنەوەی كار" و سەرلەنوێش وەك حەشارگەی شوناسی مرۆڤ! لەو كاتەوه هەمیشه له نوێوه له هزرین و چالاكیی ئێستێتیكیدا، نەسازییەكەی تیۆری و پراكسیس، كه وەك تاكه واتابەخشینێكی مرۆڤییانەی شیاو دەردەكەوێ، نەفی دەكرێ (هەڵدەگیرێ)، بۆ

**بۆیه هێردەر فۆرمی ناو نا "جەوهەر"ی هونەر و جوانێتیشی پێناسه كرد وەك فۆرمی جەوهەرمەندانی شتەكە، كه له بڕیاری ئێستێتیكیدا بڕیارێكی مۆراڵی و تێگەیی- لۆجیكیش له خۆ دەگرێ**



نموونە لای نیتچە.

هاینریش هاینە ئاگامەندانە سیمایەکی قۆناغییانەی دیاری کرد، کاتێك لەبارەی کۆتایی "قۆناغی هونەر"ی کلاسیکی دووا، بەڵام هاوکات گۆتی: "سەردەمی نوێ ... هونەرێکی نوێش دەزایێنی ...، کە چیدی پێویستی بەوە نییە سیمبۆلیکەکەی خۆی لە رابوردووی بڕسکاودا بدۆزێتەوە، بەڵێ، تەنانەت دەبێ تەکنیکێکی نوێ ... بهێنێتە ئاراوە".

هاینە بکەرێتیی (سەبژێکتیڤێتیی) سێنسگەرایی داهێنەرانە وەك "ئاوێنەی خەونبینی سەردەم" دیاری دەکات؛ ئەو هەروەها لەدژی پێشبینییە نوێکراوەکانی هونەر وەك لاسایی سروشت (رومۆر) دەیگۆت: "من لە هونەردا سوپەرناتوراليستم". هەروەها شارل بۆدلێر (لەپاڵ هەندێکی دیکەدا) رووی لەم کێشەیە کرد. لە بنەڕەتدا نزیکەی لە ١٨٣٠ بەدوواوە سەرجەم پنتەکانی ناتەبایی ئێستێتیك و تیۆریی هونەر بەدەوری ئەم کێشانەدا دەسووڕانەوە: هونەر بۆ هونەر و هونەری ئەنگاژمۆ (یان سوود)، سەبژێکتیڤێتیی هونەری و ئۆتۆنۆمییەکەی یان کارایی کۆمەڵایەتییانەی هونەر، سێنسگەرایی و لە کرۆکخستنی ئەو سێنسگەرایییە و لێرەشەوە رەفزکردنی زاهیدانە (ئاسکێزی)، پاشان لەگەڵ و لەدژی مۆدێرنێتی، خۆریالیزەکردنی تاکی و/یان ئازادیی کۆمەڵایەتی، ریالیزم و هتد.

**١١- سەدەی نۆزدەیەم**

مۆرکی مێژووی ئێستێتیك لە سەدەی نۆزدەیەمدا برێتییە لە داوەشانی سیستەمە کلاسیکییەکان. مەیل بۆ سەبژێکتیڤیزم دەبێ بە پاڵهێزێك بۆ بەناوبانگبوونی فەلسەفەکەی ئارتور شۆپنهاوەر (١٧٨٨-١٨٦٠)، کە ژیان رەشبینانە لەنێو "***جیهاندا وەك ویست و پێشبینی***" دیاری دەکات. سوێرن کیرکەگۆرد (١٨١٣-١٨٥٥) هەوڵی دا بەرێی بڵندتردانانی تاکەکەس بەسەر گشتەوە وەرچەرخانێك بهێنێتە گۆڕێ و هەوڵەکەی بوو بە ئامادەکەری ئەکسیستێنسیالیزم (ڤێهەیەگەرایی).

سەرەکیترین فاکتەرەکان، کە گۆڕانی ئێستێتیك دەبزوێنن و ئێستێتیکیش بەرێیانەوە بە ناوەرۆکە کۆنکرێتە مێژوویییەکانی خۆی دەگات، برێتین لە:

١- گۆڕانی ریالی هونەرەکان لە سەدەی بیستەمدا و هەڵوێستی کۆمەڵگە سەبارەت بەو هونەرانە.

٢- پابەندیی بنەماییانەی ئێستێتیك بە کۆنسەپسیۆن و تیۆری و مێتۆدەکانی فەلسەفەوە.

رێخۆشکەرانی ئێستێتیك لە وەرچەرخانی سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ سەدەی بیستەم برێتین لە: گوستاڤ تیۆدۆر فێشنەر (١٨٠١-١٨٨٧)، کە دامەزرێنەری ئێستێتیکی سایکۆلۆژییانەیە؛ فێشنەر ئێستێتیکی "لە ژێرەوە" کرد بە پرنسیپ و بەمەیش ئێستێتیکی فەلسەفییانەی رەفز کرد؛ هەروەها ڤیلهێلم دیلتی (١٨٣٣-١٩١١) کە بۆ زانستە هۆشەکییەکان (مرۆڤایەتییەکان – و) گۆڕانی بە مێتۆدی "تێگەیشتن" دا و ئەم مێتۆدەیش کاریگەریی لەسەر هێرمینیۆتیکی ئەم سەردەمە نواند.

**١١-١ نیتچە**

فریدریش نیتچە (١٨٤٤-١٩٠٠) لەدژی رەشبینیگەرایی شۆپنهاوەر چالاکیگەرایییەکی جووتواتایی (واتا دیۆنیسییانەی) دانا، لەدژی ئیڕراسیۆنالیزم و هەست خۆزگەی بۆ ستیلی مەزن دانا؛ ئەم ستیلە کاتێك دێتە گۆڕێ، "گەر جوانێتی بەسەر زەبەلاحدا سەربکەوێ". نیتچە سەرەتا ریشارد ڤاگنەری وەك تەواوکەری ئێستێتیك دەبینی، بەڵام دوای نومایشکردنی ئۆپێراکەی ڤاگنەر بە ناونیشانی "پارتسیڤال" پەیوەندییەکەی لەتەك ڤاگنەردا پچڕاند.

١١-٢ نوێکانتیزم

لەپاڵ ئەمەدا لە وەرچەرخانی ئەو سەدەیەدا بۆ سەدەی بیستەم رووی جیاوازی نوێکانتیزم چالاك بوون (بێگومان ژیاندنەوەی میراتە هزرییەکەی فیشتەیش)، کە پاشان چڕژانە نێو جیاوازترین جەرەیانەکانەوە: بەسەر ڤیندلباند و ریکەرتدا (بێگومان لەپاڵ هەندێکی دیکەیشدا) چڕژانە نێو تیۆرییە ئێستێتیکییەکانی بەهاوە، کە تا رادەیەك لەدژی هاتنەناوەوەی هزریی زانستی سروشتییانە بۆ نێو ئێستێتیك ئاڕاستە درابوون (لە لای ناونراو بە فۆرمالیستەکان، لەوانە چارلس ف. بیل، رۆجەر فرای، ی. سوریۆ)، یان چڕژانە نێو فۆرمولەکردنی تیۆریی سیمبۆلەوە (مرۆڤ وەك بەرهەمهێنەری هێما و سیمبۆلەکان، هونەریش وەك ئینتوئیسیۆن (حەدەس) و ئێکسپرێسیۆن (دەربڕین) و ئەندێشە و هتد، کە بەتایبەتی بەرێی ئێرنست کاسیرەر کاریگەریی لەسەر فۆرمولەکردنی ئیکۆنۆلۆژی نواند (ئەڵقەی ڤاربورگ لە دەوری ئێرڤین پانۆفسکی).

سەرچاوە:

http://de.wikipedia.org/wiki/Ästhetik

**فەرهەنگۆك:**

- **ئەمپیری**: ئەزموونی
- **ئەبستراکسیۆن**: (تەجریدکردن)
- **ئەنگاژمۆ**: (ئیلتیزام)
- **ئۆبژێکت**: بابەتی دانراو لە لایەن سەبژێکتەوە (بکەرەوە)
- **ئیکۆنۆلۆژی**: زانستی ناوەرۆکی ئیشە هونەرییە کۆنەکان، ئیکۆنۆگرافی
- **ئیڕراسیۆنالیزم**: دەنگنان بە هێزی هەست و ئەندێشەدا نەك بە ئەقڵدا
- **ترانسێندێنتال**: پێش ئەزموون
- **تێگە**: (مفهوم)
- **تیۆسۆفی**: ئاڕاستەدانی دانایی رووەو خواناسی
- **رۆمانتیك**: قۆناغێکی ئەدەب و هونەرە کە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم لە ئەورووپا، بەتایبەتی ئەڵمانیا، دێتە گۆڕێ
- **رودانگە**: (الواقع)
- **سەبژێکتیڤیزم**: سەبژێکتگەرایی، واتا سەبژێکت یان هوشیاری پێوەری هەموو شتەکانە
- **ستیل**: شێواز
- **سێنس**: (حواس)
- **سێنسگەرایی**: فەلسەفەی دەرچوو لە سێنسەکانەوە
- **سیمبۆلیك**: داڕشتنی مەغزا بەرێی سیمبۆلەوە (رەمزەوە)
- **ناتورالیزم**: سروشتگەرایی
- **نەسازی**: (التناقض)
- **ڤارتبورگ**: قەڵایەکە لە تیورینگن (ئەڵمانیا)، بەسەر شاری ئایزناخەوە، ساڵی ١٠٦٧ لە لایەن لودڤیگ دێر شپڕنگەر دروست کرا

# رۆژنامەنووسی ئەکادیمیو رۆژنامەنووسی ئارەزوومەند

گوزارشت



هێرش رەسوڵ دەینویت
خوێندکاری ماستەر لە میدیاو رۆژنامەنووسی
Herish82@yahoo.com

هەمیشە ئەوە دوپاتدەکرێتەوە، (رۆژنامەنووسی) زانستو هونەرو پیشەیە. ئەمەش هەر لە خۆوە نەهاتوە، پاش خوێندنەوەو توێژینەوەی جیددی لەبارەی بوارەکەوە، پسپۆران گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کایەی میدیا، بەهۆی کاریگەرە بەرچاوەکەیەوە لەناو کۆمەڵگەو ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، دەچێتە خانەی هەریەك لە زانست، هونەرو پیشەوە.

زانستە، بەو مانایەی وەك هەر زانستێکی دیکەی مرۆییو کۆمەڵایەتی خاوەن بنچینەو تیۆرو پرەنسیپی تایبەتی خۆیەتیو لە زانکۆو پەیمانگاو ئەکادیمیا باڵاکاندا دیراسە دەکرێتو دەخوێنرێت.

هونەرە، چونکە تێکەڵەیەکی جوانە لە هونەرە جوانەکانو ئیستاتیکاو سەلیقەی بەرزی هونەری، ئەمەش هەم لە داڕشتن، هەم لە نووسین، هەمیش لە تایپۆگرافیاو دیزاینو دابەشکردنی جوگرافی مەتریاڵەکان لە رۆژنامەدا رەنگدەداتەوە.

پیشەیشە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك کەس لە پۆستو کارکردنی جیاواز تێیدا ماندوودەبنو بەرهەمەکەشیان دیارەو ژیانیشیان لەسەر ئەوەیە، وەکچۆن دەمێکە وتوشیانە "رۆژنامەنووسی، پیشەی گەرانە بەداوی هیلاکبووندا". لە سەرەتایەوە، دەگەینە ئەوەی، کەواتە رۆژنامەنووس لە بەئەنجامگەیاندنی کارەکەیدا، هەروەك لە ئەرکەکانی میدیادا بە وردی دەستنیشانکراوەو هەواڵو زانیاری گەیاندن، چاودێریکردن، پەروەردە، تەرفیهی، ریکلام... تاد دگرێتەوە، پێویستی بە شارەزاییو سەلیقەیەکی پیشەیی دەبێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەوەیە: ئاخۆ چۆن ئەو فێربوونو سەلیقەیەی دەستدەکەوێت؟

هەرچەندە ئەوانەی وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپاشیان دیوە، جەختدەکەنەوە، کە لەوێش جۆرێك لە شەڕی سارد لەنێوان ئەو دوو جۆرە رۆژنامەنووسانە هەیە، بەڵام لە باسی ئەکادیمیبوونو نا ئەکادیمیبوونو زەرورەتی خوێندنی میدیا لە زانکۆو پەیمانگاکاندا، (بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە چەند بەشێك لە زانکۆو پەیمانگا بۆ راگەیاندنو رۆژنامەنووسی کرانەوە) دوو ئاراستەی تێروانینی جیاواز دەبینرێت: یەکێکیان ئەو رۆژنامەنووسانەن کە ئارەزوومەندانە پیشەکە دەکەنو پێیانوایە دەرچوانی ئەو بەشانە تەنها کەسانی تیۆرینو بە پراکتیکی شتێکی ئەوتۆ نازانن ئەزمونیان نیە. ئەویتریش ئەو رۆژنامەنووسانەن کە بڕوانامایان لەبوارەکەدا هەیەو وایدەبینن ئیتر دەبێ گۆڕەپانەکە بۆ ئەوان چۆڵ بکرێو هەر خۆیان رۆژنامەنووسیی پرۆفیشناڵن.

بۆیە ئەوەی لەنێوان ئەو دوو گۆشەنیگایەوە هەیە، بۆچوونێکی دیکەیە، (خۆیشم وێڕای ئەوەی لە بوارەکەدا کاردەکەمو بڕوانامەشم هەیە، پشتیوانی دەکەم) پێیوایە، راستە خوێندنی ئەکادیمی بۆ پیشەی رۆژنامەنووسی زۆر گرنگو پێویستەو لە زۆر رووەوە بە تایبەت لە رووی تیۆرەکانی کەمیونیکەیشنو میدیاو ژانرە رۆژنامەنووسیەکانو یاساو ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسییدا شارەزایی زۆرت پێدەبەخشن، کە رەنگە کەسێکی تر کە نەیخوێندبێت نەیزانێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەزمونو تواناو سەلیقەی رۆژنامەنووسانی ئارەزوومەند رەت بکرێتەوەو زەربی سفر بکرێت، نا بە پێچەوانەوە، رۆژنامەنووسە ئەکادیمیەکەش پێویستیی بە ئەزمون وەرگرتنو کارکردنی بەردەوامو هەوڵی لێبڕاوانە هەیە، وەکچۆن رۆژنامەنووسی ئارەزوومەندییش دەتوانێت کەڵك لە تیۆریبوونی میدیا وەربگرێتو لەپێناو نەکەوتنە ناو هەڵەی داڕشتن، پیشەیی، یاسایی، ئێتییکیو ...تاد زیاتر بخوێنێتەوە.

بەمجۆرە دەتوانرێت هەموو بەیەکەوە رۆژنامەنووسیی کوردی بەرەو بەئەکادیمیبوون بەرین.

## سەربوردەی ڕفێنراوان

# ساتێك ژیان لەژێر هەڕەشەی قەمەكانی تیرۆردا، زەمەنێك لە چاوەڕوانی مەرگدا

**ڕاپۆرتی:گەرمیانی حەمەی پوور دەڤەری گەرمەسێر**

عێراق هەر بەماوەیەك پاش ڕووخانی ڕژێمە ستەم كارەكەی حزبی بەعس، بوو بە مەیدانی شەڕی تایەفیو لانكەی تیرۆریستان، ڕۆژانە دەیانو سەدان كەس لە خەڵكی سڤیل دەرفێنرێنو دەكوژرێن یاخود لەبەرامبەر بڕێك پارەدا ئازاد دەكرێن، ئەگەرچی ئەم پرسە گەورەی كە عێراقی پێدا دەگوزەرا كوردستانی نەگرتبووەوە، چونكە كوردستانو خەڵكەكەی وەكو هەمیشە نامۆ بوون بەو ڕەفتارە وەحشیگەرییەی كە عەرەب بەدرێژایی مێژوو پیشەی بووەو پیشەیەتی، بەڵام دوای ماوەیەك هاوڵاتیانی كوردستانیش چەندین جار بوون بە نێچیری عەرەبە شۆڤێنیو تیرۆریستەكانو دواتر یان دەبوون بە قوربانی جەهالەتی عەرەب یان لەبەرامبەر بڕێك پارە ئازاد دەكران.

ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا سەربوردەی دوو ڕفێنراوی كورد دەخەینە ڕوو كە لە ژێر نووكی قەمە ژەهراوییەكانی تیرۆردا زەمەنێك لە چوەڕوانی مەرگدا بوونە.

گۆران فەتاح ئەفسەری پلەیەك لە فەوجی فەرماندەیی گەرمیان سەربە پارتی دیموكراتی كوردستان كە لە مەرگ لەژێر چنگی ڕفێنەرەكانی دەرچووە بەم شێوەیە باس لە ڕفاندنی خۆی دەكات" لە هەولێرگەڕامەوە بۆ كەلار لە گەراجی كەركوك سەیارەی كەلارو كفری نەمابوو ناچار سواری سەیارەیەك بووین كە بۆ دوزخورماتوو دەچوو بەسێ نەفەرەوە دەرچووین باران دەباری لە نزیك داقوقدا ئۆتۆمبیلێكی مارۆنی كە ژمارەی پێشەوەی پێوەبوو هی دوای پێوەنەبوو لە دوامانەوە ئیشارەتی پێداین ڕاوەستین، من یەكسەر زانیم نیازیان خراپە بە شۆفێركەم ووت كاكی شۆفێر مەوەستە، بەڵام ئۆپڵەكە پێشمان كەوتو تفەنگیان لێ دەرهێناین هەر لەگەڵ وەستانی ئۆتۆمێلەكەدا شۆفێرەكەی ئێمەیان دابەزاندو لەگەڵ خۆیان سواریان كردو یەكێك لەوانیش بووبە شۆفێری ئەو سەیارەی ئێمە سەرنشینی بووینو بەشوێن سەیارەكەی خۆیاندا ڕۆیشت دوای نیو سەعات چاوی هەموومانیان بەست، دواتر نزیكەی سێ چارەكە سەعات بەسەر ڕێگای گڵدا ڕۆیشتین لەوێ خراینە ژوورێكەوە چاویان كردینەوە، دەستیان بەستین لەو كاتەدا تەماشام كرد سێ كەسی تریش بەستراوەتەوە كە هەموویان عەرەب بوون، تا ئەو كاتەش هیچیان لێ نەكردینو پێشیان نەوتین بۆچی ئێوەمان گرتووە، منیش پرسیم كاكە ئێوە چیتان لێمان دەوێت؟ چونكە وام دەزانی ئێمەیان بۆ پارە ڕفاندووە، یەكێكیان كە كوردی دەزانی وەكو هەموویان تەنها چاوی بەدەرەوە بوو پێی گووتم "بەهەڵە لەئێمە تێمەگەن ئێمە پارەمان لە ئێوە ناوێ ئەگەر بمانەوێ ئێستا دەتوانین بۆ هەریەكەتان پانزە دەفتەر بە خاوەنتان بهێنینە ئێرە، بەڵكو كۆمەڵێك شیعە لە كەركوك ڕفێنراون ئێوەش چارەنووستان لەگەڵ چارەنوسی ئەوانە ئەگەر ئەوان ئازاد بكرێن ئێوەش ئازادن، بەڵام ئەگەر بكوژرێن ئێوەش دەكوژرێن" گووتم "ئەی كاكە من كوردم چیمە لە كێشەی سونەو شیعە" گووتی "لەسەری مەچۆ باشترە" كە قسەكەی ئاماژە بوو بۆئەوەی لەسەری بچیت دەتكوژین، منیش نەموێرا هیچی تر بڵێم، هەڵبەتە بەبەردەوامیش لێیان دەداین، خۆت سەیری برینەكانی جەستەم بكە(كە جەستەی پیشاندام شوێنێكی نەمابوو شینو سوور نەكرابێتەوەو برین نەبێت، هەر بەدەم هەناسەی قوڵ هەڵكێشانەوە كە قسەكردنیشی ئاسایی نەبوو درێژەی بە قسەكانیدا) پێشیان نەئەوتین لە پێناوی چی لێتان ئەدەین تابەیانی لێیان داینو جوێنو قسەی ناخۆشیان پێ دەكردین، سەعات دوانزەی شەو دوای ئەوەی هەمووشتێكیان لێ وەرگرتین وەك مۆبایلو پارەو ئەو شتانەی كە پێمان بوو كوڕێك ووتی من مۆبایلم نییە زۆریان لێ داو ئەیان ووت درۆ ئەكەی لە شوێنێك فڕێت داوە، ئیتر لەویش بردینیان بۆ شوێنێكی تر، لەوێش دوای سەعاتێك سیانمان كەعەرەب بوون بران، پێدەچێت كوژرا بن، پاشان سەعات ١٢ای بەیانی دووانی تریان لێ بردین كەڕەنگە هەمان چارەنوسیان هەبێت، یەكی نیوەڕۆ بە منو یەك كوڕی تر كە كوردێكی خەڵكی جەلەولا بوو ووتیان ئێوەش هەستن! لەوكاتەدا براكەم تەلەفۆنی كرد، یەكێكیان ووتی دەیناسی؟ ووتم بەڵێ برامە، قسەم لەگەڵ براكەم كرد، ئەویش ووتی بیدە بەوان بزانم چیان دەوێت بۆیان بكەم، بەڵام ئەوان قسەیان نەكرد ووتیان خۆمان شەو قسەی لەگەڵ دەكەین دوای ئەوەی چاویان بەستین بەرێگایەكدا كەبە تاسەكانیدا دیاربوو گڵە براین، دوای كەمێك یەكێكیان بەو كوڕەی كە كوردی دەزانی ووت لێرە ئەمەیان داگرە، ئەویش منی فڕێ دایە خوارەوە، منیش چاوەڕێی كوشتن بووم بە كوردی پێی ووتم "تا دە دەقیقەی ترچاو نەكەیتەوە" ئاگام لێ بوو كە سەیارەكە ڕۆشتو دەنگی نەما، بەڵام وتم بەڵكو ئەمە خوایە نەم كوژن تا دە دەقەكە تەواو بوو چاوم نەكردەوە دواتر كەچاوم كردەوە لە نزیك ڕێگای كەركوك دوز بووم، كات نزیكەی چواری ئێوارە بوو، باران دەباری منیش هەمووگیانم لە قوڕا بوو دەستم لە هەر سەیارەیەك دەگرت نەدەوەستا، یەك دینارم پێنەبوو، دواتر سەیارەیەك وەستا حاڵی خۆم بۆباس كرد كەچیم بەسەر هاتووە ئێستاش پارەم پێنەماوە، ئەو بەڕێزە تا دووز هێنامی لەوێ لە دوكانێك داوای مۆبایلم كرد بۆ ئەوەی پەیوەندی بەماڵەوە بكەم، كابرا ووتی "كاكە ئەوە چییە گیانت هەمووی لە قوڕایە؟ بەسەر هاتەكەم بۆ ئەویش باسكرد، ئیتر بەماڵەوم گوت من ئازاد كراومو لە دوزم پاشان لەدوزەوە سەیارەی كوڕێكی ناسیاومان كە پێكەوە خوێندكار بووین هێنامییەوە".

هەڵۆ ئەحمەد كە تازە پێدەنێتە تەمەنی ٢٠ساڵییەوە باس لەو ڕۆژەدەكات كە چۆن كابرایەكی عەرەب خاوەن گەڵابە لەگەڵ هاوڕێكانی بە فێڵ فڕاندوونی: ئەو لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەكە بە شێوەیەك ئەدوا كە هەستت ئەكرد ئەو ساتە وەختەیە كە لە دەستی تیرۆرستاندایە. "لەگەڵ هاوڕێكانم وەك هەمیشە لەكارگەیەكی بلۆك كارمان دەكرد ئێوارانێكی درەنگ بەنزیكەی سەعاتێك پێش بانگی مەغریب كابرایەكی عەرەب بەگەڵابەیەكەوە هاتو داوای لێ كردین كە بارێك بلۆكی بۆ باركەین، هەربۆخۆشمان لەگەڵی بڕۆین بۆ جەلەولاو لەوێ بارەكەی بۆبەتاڵ بكەین. ئێمە بۆ ئەوكارە داوای١٠٠هەزار دینارمان دەكرد كە سێ كەس بووینو من لەوانی تر گەورەتر بووم، بەڵام ئەو ووتی "كاكە من دووسەد هەزارتان پێ دەدەمو هەر خۆشم دەتانهێنمەوە بۆ ئێرە"، ئەو

بەعەرەبی قسەی دەکردو تەنها من کەمێك لێی تێدەگەیشتم ئەویش زۆر باش نە چونکە عەرەبیم باش نەدەزانی، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەتوانم تێبگەمو خەڵکیش بەهەرحاڵ تێبەگەیەنم".

هەڵۆ جار جار لەگەڵ گێڕانەوەکەیدا بە جۆرێك دەجولاَ هەستت دەکرد لەگەڵ ڕفێنەرەکەیدایە. ئەو دەڵێ"بارەکەمان بۆ بارکردو لەگەڵی کەوتینە ڕێ، من لە پێشەوە لەشان خۆیداو هاوڕێکانیشم لە کابینەکەی پشتەوە سوار بووین، ئەو لێدەخوڕیو ئێمە باسی پارەمان دەکردو دڵمان خۆش بوو، پارەکەی کەم نەبوو هەر بۆخۆمان قسەی خۆشمان بۆ دەهاتو پێدەکەنین چونکە بەوە پارەی ڕۆژێك کرێکاری زیاترمان دەست دەکەوت، بەڵام ئەم خۆشیەمان بەردەوام نەبوو ئەوەندەمان زانی گەڵابەکە گەیشتە جەلەولاو بەشانیدا ڕۆشت، من ئەوکات گومانم لادروست بوو یەکسەر بەکابرام ووت "ئەی ئەوە جەلەولایە تۆ بۆ ئەوێ ناچی"؟ ووتی "نەکاکە گیان ئیشەکەی من دەکەوێتە گوندێکەوە کەمێك خوار جەلەولا هەروا دەدەقیقەیەك ئەبێت" من دیسان باوەڕم پێکرد، بەڵام هەر ڕۆشتینو دە دەقیقە لە چارەکە سەعاتیش تێپەڕی ئینجا بەتەواوی ترسو گومان دایگرتمو هاوڕێکانیشم بێ خەبەر لە هەموو شتێك هەر خەریکی قسەی خۆشو پێکەنینی خۆیان بوون، لەوکاتدا تەلەفۆنێك بۆ شۆفێرەکە هات!! زۆر باش گوێم ڕادێرا نەمتوانی لەهەموو قسەکانی تێبگەم، بەڵام ئەوە تێگەیشتم ووتی"ئێوە داوای دووکەستان کرد من سێ کەسم بۆ هێناون" "واخەریکە ئەگەمو ئێوە خەمتان نەبێت " کاتێك چەند جار ووشەی "سەیدی"دووبارە کردەوە، ئیتر بێگومان بووم لەوەی کە ئەم دەستی لەگەڵ گروپێکی تیرۆریستیدایەو دەیەوێت بۆ پارە لەناومان بەرێت، بەڵام نازانم چۆن باسی بکەم؟ چۆن تەواو نەپەشۆکامو تێك نەچووم؟ شۆفێرەکە ووشەیەك کوردی نەدەزانی: ووتم "برادەران گوێ بگرن! من هەرچیم ووت تێك نەچنو بەردەوام پێکەنین وەك ئەوەی نوکتەیەکتان بۆ باس بکەم تکایە تێك نەچن، بێ ئەوەی ئەم گ....دە خۆی هەستمان پێ بکات هەوڵ بدەن شتێك بدۆزنەوەو بیخەنە ملی با هەرسێکمان بەیەکەوە پەلاماری بدەین، ئەمە تیرۆریستە ئەگەر فریا نەکەوین ئەوا هەرسێکمان تیا چووین" لەو کاتەدا یەکێك لە برادەرەکانم نازانم چۆن لەو دواوە بۆریەکی پەیدا کردو بە هەموو هێزی کێشای بەسەری تیرۆریستەکەدا، بەڵام هاوڕێکەم دەستی وشك بوو لەزمان کەوت، تیرۆریستەکە دەستی بۆلاقەدی بردوو دەمانچەی دەرکرد، بەڵام لێدانی بۆریەکە ووری کردبوو بۆیە من یەکسەر فریا کەوتمو بەهەموو هێزم بە پاژنە کێشام بەبان چاویداو لەگەڵ هاوڕێکەم توند دەستیمان گرتو پاش هەوڵدانێکی زۆر دەمانچەکەمان لەدەستی سەند، بەڵام ئەو هەموو هەوڵێکی ئەوەبوو بگاتە شوێنی مەبەست، بۆیە هەرچەندێك هەوڵمان دەدا نەمان دەتوانی ئۆتۆمبیلەکەی لەدەست وەربگرین تا دواتر بەبۆکس کەوتینە سەرو چاوی‌و ووردە ووردە خاو بووەوە، لەو کاتدا دەشپولی سەیارەکەم کردەوە پڕبوو لەقەمەو دەمانچەو فیشەك ئەوەندەی تر ترسام، بەڵام هەرچۆن بوو بەقەمە کەوتمە لێدانی دەستەکانی بۆئەوەی سەیارەکە بەربدات بەهۆی زۆری برینەکانیەوە تەواو پەکی کەوتو منیش بەردەوام بووم لە لێدانی بەو قەمە، بەڵام ئەوەی زیاتر دەیترساندینو نیگەرانی دەکردین حەپەسانی هاوڕێکەمان بوو کە یەکەم جار بە بۆریەکە لە تیرۆریستەکەیدا لەگەڵ یەکەم زەربەدا دەمی داچەقا دەمی لێکنەنایەوە تا دواساتی ڕزگاربونمان، کاتێك توانیمان کۆنترۆڵی تیرۆریستەکە بکەین کە کابرایەکی زلی مل پان بوو، بە هاوڕێکەم ووت "با بەشێوەیەك برینداری بکەین توانای هیچی نەمێنێت" بۆیەکەم جار دان بەوەدا دەنێم کەهەرچی دەمارەکانی دەستو قاچی هەبوو هەموویم بڕی‌و لەسەر بارە بلۆکەکە دامان بەست، بەڵام لەناخۆشترین باری دەرونیدا بووین، لەلایەك واهەستم ئەکرد ژیانم تەواو بووە، لەلایەك وامدەزانی کە من پیاو کوژم، مۆبایلی تیرۆریستەکەش بەردەوام جەرەسی بۆ دەهات، شتەکانمان زۆر بەپەلە کرد، بە هاوڕێکەم ووت "ئەگەر زوو فریا نەکەوین دڵنیام گروپەکەی دەزانن لەکوێوە دێتو دەگەنە سەرمان، ئەو کاتەش بێگومان دەمان کوژن، دونیاش تەواو خەریك تاریك دەبوو یەکسەر دوای دابەستنی تیرۆریستەکە لە سەر بارە بلۆکەکە، سەرکەوتینەوە بەسەر جادەی گلا بەشوێنی خۆماندا کەوتینەوە ڕێ من کەمێك شۆفێریم دەزانی، بەڵام لەڕاستیدا نەمزانی سەر لەکوێوە دەردەکەین، پاش یەك سەعات ڕێکردن بە ئاخر خێرایی، ڕووناکی گڵۆپمان لێ دەرکەوت، بەڵام هیچ یەکێکمان نەماندەزانی کوێیە، لەگەڵ ئەوەش زۆر خۆشحاڵ بووین، من بەخێرایی ملم بەگەڵابەوەنا، بەڵام هێشتا زۆری مابوو بگەین گەڵابەکە گازی نەماو کوژایەوە، ئێمە بەپێ‌و بەڕاکردن بەرەو ڕووناکی گڵۆپەکان ڕۆشتین، گەشتینە ئاوەدانی پرسیمان ئێرە کوێیە؟ ووتیان جەلەولایە، بەڵام زۆر سەیر لێیان دەڕوانین، پرسیاری مەرکەزی پۆلیسمان کردو چوینە ئەوێ لەوێش لەبری ئەوەی بە هانامانەوە بێن دەست بەسەریان کردین، ڕاستی ڕووداوەکەشمان بۆ باس کردن هەر باوەڕیان نەکرد، تا کەوتینە پاڕانەوە پێمان ووتن تکایە هەر بەس تیرۆریستەکە بگرن لە فلاَن شوێنە خۆمان لەگەڵتان دێین ئەوکات کەمێك باوەڕیان پێکردینو لەگەڵمان هاتن. بەڵام لەبەختی ئێمە گەڵابەکەو تیرۆریستەکەش لەوێ نەما بوون، کەچی شوێنی خوێنو هەندێ ئاسەواری شوێن سەیارەکان مابوون بەوە باوەڕیان پێکردین، لەبری ئەوەی پۆلیس خۆی بمان گەیەنێتەوە هەر لەجەلەولا بەرەڵایان کردینو هەر چۆنێك بێت پاش چاوەڕوانیەکی زۆر ئۆتۆمبیلێك هەڵی گرتین و درەنگانێکی شەو گەشتینەوە ماڵەوە، زۆر درەنگ بوو بەدزیەوە چومە سەر جێگەکەم بەیانی زۆر درەنگ لەخەو هەستام، کاتێك هەستام پرسیاری درەنگ هاتنەوەو ئەو هەموو خوێنەیان کرد کە لەکاتی بریندار کردنی تیرۆریستەکە گیانی خوێناوی کردم، ووتم "ئەوەی ڕاستی بێت هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم ئەمڕۆ بلۆکێك بەر بووەوەو لێیداو تادرەنگانی شەو لای ئەو مامەوە ئەمە خوێنی ئەوە، بەڵام حاڵی باشە، ئەوانیش باوەڕیان پێکردم و زۆر لەسەری نەچوون.



لەو دیو دیوارەکانی رفێنەرانەوە دیوارێک لە نێوان مەرگ‌و ژیاندا

# عەلی حەسەن مەجید ئەو تاوانبارەی ملیۆنان کەس چاوەڕوانی لەسێدارەدانی دەکەن

**ریپۆرتاژ: کامەران عەبدەساڵح**

دەستگیرکردنی (عەلی حەسەن مەجید) ناسراو بە (عەلی کیمیایی) لەلایەن ئەمریکیەکانەوە، هاتنەدی خەونێکی لەمێژیینەی گەلی کورد بوو. ڕەشترین مێژوو لەتۆماری ژیانی ئەو تاوانبارەدا، کوشتارو ئەنفالکردنی سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیلی کورد لەساڵانی ١٩٨٧ - ١٩٨٨و، سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعەکانی باشور لەساڵی ١٩٩١دا بوو. ئەو، بەهۆی دڵسۆزی نواندنیەوە بۆ دەسەڵاتی حیزبی بەعس، تاکە لێپرسراوێکی باڵای حکومیی عێراق بوو کە بتوانێت تەداخولی کێشە خێزانییەکانی نێو بنەماڵەی سەدام حسێن بکاتو، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە بەردەوامەکانیان ڕۆڵی ناوبژیوان ببینێت.

لە مانگی ئاداری ٢٠٠٣ لە سەروبەندی وادەی دەستپێکردنی هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆ سەر عێراق، عەلی حەسەن مەجید وەك فەرماندەی سەربازیی باشور لەلایەن سەدامەوە دەستنیشانکرا، لە کاتێکدا فەرماندەیی سوپای عێراق بۆ بەرەنگاربونەوەی هێرشە چاوەڕوانکراوەکە کرابووە چوار بەشەوەو، هەریەك لە چوار فەرماندەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە سەرۆك کۆمارەوە هەبوو، سپاردنی ئەو ئەرکە هەستیارە لەو ساتەوەختەدا بە عەلی حەسەن مەجید، لە ڕوانگەی متمانەو بڕوای پتەوی سەدامەوە بوو بەو پیاوە.

هێشتا مانگێك بەسەر دەستپێکی ئەو هێرشەدا گوزەری نەکردبو کە سەرچاوە سەربازیەکانی بەریتانیا هەواڵی کوژرانی فەرماندەی سەربازی باشوری عێراق (عەلی حەسەن مەجید) - یان لە ناوچەیەکی سەر بە پارێزگای بەسرە بڵاوکردەوە، بەڵام دوای ماوەیەك دۆناڵد ڕامسفێڵد وەزیری بەرگری ئەوسای ئەمریکا هەواڵەکەی بەدرۆخستەوە. عەلی حەسەن مەجید، لە ئاداری١٩٨٧دا وەك دەسەڵاتی یەکەم بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بەعس لە باکوری عێراق دەستبەکار بوو، کاری سەرەکی ئەو، لاوازکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانو، چاوترساندنی جەماوەری کورد بوو لە ڕێی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی (ئەنفال) -ەوە.

لە بەشێکی نامەیەکیدا کە لە ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ بە خەتی خۆی بۆ یەکێك لە بەناو فەرماندە سەربازیەکانی سوپای عێراق لە شاری سلێمانی نووسیویەتی، دەڵێت: (پێویستە لەکاتی بەڕێوەچونی پرۆسەی ئەنفالدا، ڕێگەنەدرێت تەنانەت بونەوەرێکیش بەزیندوویی لەو گوندانە ڕزگاری ببێت کە ئەو پرۆسەیە دەیانگرێتەوە). هەر بەپێی ئەوچەشنە ڕێنماییانە بوو کە بە شاهێدی سەدان ڕێکخراوی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ (کە لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بون) لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا سەربازانی سوپای عێراق سەدان هەزار مرۆڤی بێتاوانی کوردیان لە ناوچە کوردنشینەکان بێسەروشوێن کرد، ژمارەیەکی زۆریشیان بەبێ دادگاییکردن لە سێدارەدران.

داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتی عەلی حەسەن مەجید لە باکوری عێراق، چونکە لەوەبەدوا بە بڕیاری سەرۆکایەتی کۆمار، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی (پارێزگای نۆزدەهەم!) -ی پێسپێردرا، دوای ساڵێکیش (لە مانگی ئاداری ١٩٩١) پۆستی (وەزیری دەوڵەت)-ی وەرگرت. دوای ئەوەی بەهۆی دەرکردنی سوپاکەی سەدام حسێن لە کوێتو لاوازبونی دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراق، ناوچە شیعەنشینەکانی باشور ڕاپەڕینێکی جەماوەریانەی بەخۆوەبینی، جارێکی دی عەلی حەسەن مەجید سەرپەرشتی هەڵمەتێکی چڕوپڕی سەربازی کرد بۆ سەرکوتکردنی ئەو سەرهەڵدانەو، لەو پێناوەشدا سەدان هاوڵاتی لەو ناوچانەدا کردە قوربانی، هەر لەوکاتەوە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە بەریتانیا، ناوی ئەو پیاوە بێ ڕەحمەیان خستە ڕیزی تۆمەتبارانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤەوەو، داوایانکرد سەبارەت بەو پێشێلکاریانە دادگایی بکرێت.

دوای هەڵاتنی دوو زاواکەی سەدام بۆ ئوردن لە ساڵی ١٩٩٥دا، جێگەی عەلی حەسەن مەجید کەوتە مەترسیەوە، چونکە هەڵاتوەکان برازای ئەو بوون، لە پێناو ئەوەی کە دوبارە وەفاداریو دڵسۆزی خۆی بۆ ڕژێم نیشان بداتەوە، چەند هەنگاوێکی دیکەی نامرۆڤانەی هەڵگرت، سەرەتا دوو برای خۆی بە تۆمەتی (خیانەتکردن لە سەرکردە) لە سێدارەدا، دوای گەڕانەوەی

**ماوەی نۆزدەساڵە هیچ جەژنەیەکم نەکردووە، پێنج فەرزەی نوێژەکانم لەخوا پاڕاومەتەوە عەلی کیمیاییو ئەنجامدەرانی ئەو شاڵاوە نەگریسە بە سزای گەل بگەن**

هەڵاتوەکانیش بۆ وڵات، سەرپەرشتی هەڵمەتی لەناوبردنیانی کرد. عەلی حەسەن مەجید لەماوەی ساڵانی ١٩٩١ - ١٩٩٥ بەهێزترین باوەڕپێکراوی وەزارەتی بەرگری عێراق بووەو، لەنزیکەوە چاودێری کاروبارەکانی ئەو وەزارەتەی کردوە.

﴿کاتێك گوێبیستی خوێندنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی بووم لەلایەن سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانەوە، شاگەشکە بوم‌و دەستمکرد بە بەخشینەوەی شیرینی بەسەر ماڵەدراوسێکاندا، ئاسودەبووم‌و وام هەستدەکرد دوای نۆزدەساڵ چاوەڕوانی، ژن‌و منداڵەکانم گەڕاونەتەوە ماڵ، بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرچوونی ئەو حوکمەدا هێشتا ئەو تاوانبارەو تاوانبارانی تری پرۆسەی ئەنفال لەژیاندا ماون﴾ ئەمە قسەی مام (غەریب عەلی)دانیشتووی گوندی (دۆڵەبی)-ی دۆڵی جافایەتی بوو، کە هاوسەرەکەی‌و چوار کچ‌و سێ کوڕی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتون.



هەر ڕۆژێک مانەوەی تاوانبارانی ئەنفال لە ژیاندا برینەکانی ئێمە دێنێتەوە سوێ

گوندەکانی دۆڵی جافایەتی، لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی ئەنفالدا کە لە ٢٣/٢/١٩٨٨ دەستیپێکردو لە ١٩/٣/١٩٨٨ کۆتایی هات، کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی جاش‌و سەربازانی سوپای عێراق. دوای سوتماك کردنی ناوچەکە، دانیشتوانەکەی دەستگیرکران‌و بەرەو بیابانەکانی باشور ڕاپێچکران، بە هەزارانیان بێ سەروشوێن کران، کە تائێستایش چارەنوسیان نادیارەو کەسوکارەکانیان لە چاوەڕوانی گەڕانەوەیاندان.

پورە ئایشە حەمەد - ی تەمەن هەشتاوشەش ساڵ، جگە لە مێردەکەی، دوو کوڕی بە ماڵ‌و منداڵەوە ئەنفالکراون، خۆیشی ماوەی شەش مانگ بۆ گرتوخانەی نوگرەسەلمان دورخراوەتەوەو پاشان ئازادکراوە، گووتی" ماوەی نۆزدەساڵە هیچ جەژنەیەکم نەکردووە، پێنج فەرزەی نوێژەکانم لەخوا پاڕاومەتەوە عەلی کیمیایی‌و ئەنجامدەرانی ئەو شاڵاوە نەگریسە بە سزای گەل بگەن، ئەو کاتەی کە دەبینم ئەو گەورە تاوانبارانە لەداردراون، نەك هەر هەموو ڕۆژێك بەلامەوە وەك جەژن دەبێت، بەڵکو هەوڵدەدەم دەستیشم لە خەنە بگرم".

عەبدولواحید خدر - یش کە خاوەنی سێ برای ئەنفالکراوە، بۆماندواو گووتی" سزای لەسێدارەدان بۆ کەسێکی وەك عەلی حەسەن مەجید تەواو لەجێی خۆیدایە، بۆ ئەوەی ببێتە پەندێك بۆ هەموو ئەو تاوانبارانەی هاوشێوەی ئەو لە سەرتاسەری جیهاندا کە یاری بە کەرامەت‌و پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی دەکەن، دواڕۆژی هیچ خراپەکارێك لەمە باشتر نابێت".

ئەسلان محەمەد - کە دایك‌وباوکی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتون، کاتێك ویستی لەوبارەیەوە قسەمان بۆبکات، دایە پرمەی گریان‌و گووتی: مانەوەی تاوانبارانی ئەنفال هەموو ڕۆژێك برینەکانی ئێمەومانان دێنێتەوە سوێ، دڵنیام بە لەناوچونیان ڕۆحی پاکی پەپولە زیندەبەچاڵکراوەکان ئاسودە دەبن‌و پێماندەڵێن: ئیتر بۆمان مەگرین، ئەمە باشترین تۆڵەیە بۆ ئێمە".

مام هەمزە باپیر - باوکی پێنج کوڕوکچی ئەنفالکراوە، بەهۆی خەمی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیەوە چەندساڵێکە توشی نەخۆشیەکی سەخت بوەو لەسەرجێگە کەوتوە، کاتێك ویستم ڕای ئەویش وەربگرم لەبارەی لەسێدارەدانی ئەنجامدەرانی ئەنفالەوە، چاوەکانی پڕ فرمێسك بون‌و خۆزگەی ئەوەی خواست کە لە ژیاندا بمێنێت تا ئەو کاتەی ئەو گەورە تاوانبارانە لەدار دەدرێن. گووتی" ئەو زۆردارانە کاتێك کوڕوکچی ئەو خەڵکە بێ گوناهەیان بەرەو گۆڕی بەکۆمەڵ‌و زیندانە تاریکەکان ڕاپێچ دەکرد، هەرگیز بیریان لەوەنەدەکردەوە کە ڕۆژێك دێت‌و دەکەونە داوی تاوانەکانیانەوە، ئەوەتا ئەمڕۆ ڕووڕەشی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوونەو کەس خۆزگە بە چارەنوسیان ناخوازێت".

شادیە قادر - کە لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا تەمەنی تەنها یەکساڵ بووەو باوکی ئەنفالکراوە، کاتێك زانی خەریکی ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژەم، بەرەو ڕووم هات‌و گووتی: ئیعدام کردنی ئەو کەسانەی کە لە سەردەمە تاریکەکانی دیکتاتۆریەتدا لەم وڵاتە، دوور لە هەر عورف‌و عادەتێکی ئاسمانی‌و زەمینی، من‌و سەدان هەزار منداڵی کوردیان لە نازی دایك‌وباوك بێبەشکرد، باشترین تۆڵەیە لێیان". شادیە گووتی" هەرچەندە من ئەو سەردەمە شومەم بەبیرنایەت، بەڵام لەڕێی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان لەلایەن کەسوکارمەوە تێدەگەم کە ئەو زۆردارانە چیان بەسەر ئەم میلەتەی ئێمەدا هێناوە، بۆیە دەڵێم شیاوی ئەوەن کە لە جیاتی جارێك دە جار لەسێدارە بدرێن".

زاهیر حاجی شێخە - کە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالدا دانیشتوی گوندی (خوڕخوڕە) بوە، دایکی‌و هاوسەرەکەی‌و سێ منداڵی‌و خوشك‌وبرای ئەنفالکراوە، لەشوباتی ١٩٨٨دا کە بەفرو تۆفانێکی زۆر ناوچەی دۆڵی جافایەتی دەگرێتەوە، جەیش‌و جاش پەلاماری ناوچەکەیان دەدەن، هەر لە سەرەتادا بەهۆی ئەو پەلامارەوە زیاتر لە هەشتا کەس لە خەڵکی ناوچەکە دەبنە قوربانی، وەك خۆی باسیدەکات ئەوسا گوندەکەیان لە سی ماڵ پێکهاتوە، ئەوان لە کاتی ئەنفالەکەدا ڕووەو ئێران دەڕۆن، پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس بڕیاری لێبوردنی گشتی دەردەکات، هاوسەرەکەی‌و دایکی‌و دوو کوڕو کچێکی‌و خوشکەکەی بە سێ منداڵەوە لەگەڵ چەندین کەسی دیکە لە خزم‌و کەسوکاری بەرەو قەڵادزێ دەگەڕێنەوە، خۆیشی لە ئێران دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوانی دی هەموویان لە بازگەی (سونێ) دەگیرێن کە ژمارەیان حەفتاو پێنج کەس بووە، ڕەوانەی فیرقەی چوارقورنەیان دەکەن‌و پاشان لە بنکەی پۆلیسی ڕانیە دەیانهێڵنەوە، ئینجا دەیاننێرنە سەربازگەی تانجەڕۆ، دواجاریش بۆ تۆپزاواو لەوێ لەگەڵ ئەنفالکراوەکانی گەرمیاندا تێکەڵاویان دەکەن. زاهیر - دوای ئەو کارەساتە بێ وێنەیەی کە لەژیانیدا لەسەردەستی سەرانی بەعس بەسەری هات، هیواخوازە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە خنکاندنی عەلی کیمیاوی‌و هاوەڵەکانی کۆتایی بەکارەکانی نەهێنێت‌و، هەوڵبدات هەمو ئەو کەسانە بە سزای یاسایی بگەیەنێت کە بەجۆرێك لە جۆرەکان بەشداریان لە پرۆسەی ئەنفالدا کردووە.

ماوەتەوە بڵێین: لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی‌و تاوانبارانی تری پرۆسەی ئەنفال، دڵی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی خۆش دەکات‌و، دەیسەلمێنێت کە دوای ڕوخانی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا حوکمی یاسا بەرقەرارەو، ئەوەی ڕۆژێك دژایەتی ئەم گەلەی کردبێت پەلکێشی دادگا دەکرێت‌و بە سزای خۆی دەگات.

# سوڕی مانگانە سەرەتایەكی ترسناك

## لە سوڕی مانگانەدا جووتبون مەترسی تووشبوونیی نەزۆكی لێدەكرێت

ئا: ئاراز رەمەزان و یاسین حسێن

چرا كچێكی تەمەن ٢٢ ساڵانەو خوێندكاری زانكۆی سلێمانییەو دەڵێت "كاتێك عادە بووم لام ئاسایی بوو، چونكە شارەزاییم دەربارەی هەبوو، ئەویش بەهۆی خوێندنەوە (جا چ گۆڤار یان رۆژنامە یان كتێب) بێت، هەرگیز پرسیارم لەدایكم نەكردووە، چونكە شەرمم دەكرد، بەڵام لەهاوڕێكانم پرسیارم كردووەو لام ئاسایی بووە، تەنانەت حەزم نەكردووە كەس بزانێت لەماڵەوە كەعادەم، ئەمەش زیاتر بۆ رەمەزانان ناخۆشە هەروەك بەڕۆژو بووبم وابوو پارشێو هەڵدەستام رۆژانەش لەهەلێك دەگەڕام، بۆئەوەی كەس دیارنەبێت لەمەتبەخەكەدا شتێك بخۆم، شت خواردنەكەشم زیاتر شیرینی بوو، چونكە فریای ئەوە نەدەكەوتم نان بخۆم، نەشمدەوێرا نان بخۆم لەترسی ئەوەی نەوەك یەكێك بێتو نانەكە لەدەممدا بێت، لەدەممدا وشك بێت لەشەرمدا، بەڵام ئەم ترسو شەرمە ماوەیەكی خایاند بەڵام دواتر حاڵەتەكە لات ئاسایی دەبێتەوەو بەئاسوودەیی نان دەخۆیتو بگرە باسیدەكەیت".

لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا عادە بووم، ئەو كاتە لە خوێندنگا بوومو زۆر ترسام لەو حاڵەتەی كەبەسەرم هات، لەبەر ئەوەی هەرگیز ئەو شتەم بەخۆمەوە نە بینیبوو ئەمە گووتەی پەژارەی تەمەن ١٩ ساڵە گووتیشی" نەموێرا بچمەوە ماڵەوە چونكە شەرمم دەكردو ئازاریشم زۆر بوو بۆیە، بڕیارمدا یەكسەر بچم بۆ ماڵی خوشكەكەمو ٥ رۆژ لەوێ مامەوە تا حاڵەتەكە كۆتایی هات چونكە زانیم هەر من ئەو حاڵەتەم بە سەر نەهاتووە بەڵكو ئەم حاڵەتە سروشتی ئافرەتەو هەموو كچێك دەبێت بەسەری بێت. ئەوەشی دركاند كە نەیوێراوە لای ماڵەوە باسی بكات بەڵام خۆیان هەستیانكردبوو پێشیان نەگووتم دواتر زانیم كە خوشكەكەم بۆی باسكردوون، چونكە دەترسام كچێنیم لە دەست دابێتو لەماڵەوە كێشەم بۆ دروست ببێت". ئەو پێی وایە ئێستا ئەو حاڵەتە زۆر ئاساییە لای كچانی كۆمەڵگای ئێمە چونكە كچانی ئێستا زانیارییان زۆرە، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی هیچ زانیاریەكمان نەبوو

> لەكۆمەڵگەی كوردیدا هەمیشە لایەنە سێكسیەكانی ئافرەت، یاخود گەشە سێكسیەكانی ئافرەتو گەشەی فسیۆلۆژی ئافرەت بەشێوەیەكی عەیبە، یاخود نامەشروع سەیر دەكەین

لەسەر عادەبوون بۆیە لەگەڵ تووشبوونی حاڵەتەكە یەكسەر تووشی ترسو تێكچوونی باری دەروونی بووم.

هەروەها دێرین كچێكی دیكەی تەمەن ٢١ ساڵانە، گووتی" لەخەودا تووشی سوڕی مانگانە بوومو نەمزانی چیم بەسەر هاتووە بۆیە زۆر تێكچووم كاتێك بینیم وام بەسەر هاتووەو ماوەی یەك هەفتە نەمدەزانی چی بكەم لەبەر ئەوەی زۆر دەترسامو زانیارم لەسەری نەبوو". گووتیشی پێشتر كەس ئەو حاڵەتەی بۆ باسنەكردبووم، دایكم ئەوەندەی تر ترساندمی كاتێك بۆم باسكرد، توڕەبوو پێی وتم ئەوە چیت كردووە بۆ وات لێهاتووە. گووتیشی چەند رۆژێك گریامو لێی پارامەوە بۆ ئەوەی لای باوكمو براكانم باسی نەكات، بەڵام لە مامۆستایەكی ئافرەتی دراوسێمان پرسی زۆر قسەی بۆ كردم لەلام ئاسایی بوەوەو بەڵام هەرگیز ئەو بەیانیەم بیرناچێتەوە كە بەم حاڵەتەوە خۆم بینی.

بەبیروڕای دكتۆرە شەمام سەعید پسپۆڕ لەنەخۆشییەكانی ژنان" سوڕی مانگانە حاڵەتێكی فەسلەجی سروشتییە كە لەهەموو ئافرەتێكدا لەتەمەنی ١٢ بۆ ١٦ ساڵیدا دەبێت روودەدات و دەتوانین بڵێین هەموو ٢٠ تا ٣٥ رۆژ جارێك دەبێت ٣ تا ٧ رۆژ بەردەوام بێتو ئەو خوێنەی دێت ٢٠ تا ٦٠ سی سی بێت، ئەگەر لەو رێژەیە زیاتر یا كەمتر بێت پێویستە سەردانی پزیشكی تایبەتی بكات. ئاماژەی بەوەشدا زۆرجار سوڕی مانگانە لەپێش یان دوای ئەو تەمەنەی كە دیاریكراوە روودەداتو ئەم حاڵەتەش ئاسایی نییەو دەبێت سەردانی نەخۆشخانە بكاتو چارەسەری بۆ بكرێت.

دكتۆرە شەمام باسی لەوەشكرد كە پێش روودانی سوڕی مانگانە ئەو كچە ئازاری سكی دەبێت، سنگی توند دەبێت، توڕەدەبێت، كەئەمەش شتێكی ئاساییە لەگەڵ دەستپێكردنی حاڵەتەكەدا ئازارەكە نامێنێت لەڕۆژی یەكەم یا دووەمدا، بەڵام ئەگەر ئەم عادەبوونە ئازاری لەگەڵ بوو تا دوای عادە بوون ئەمەش دەبێت بەهەند وەربگیرێت، سەبارەت بەو كچانەی كەپێش تەمەنی خۆیان لە (١٠) ساڵیدا عادە دەبن ئەمانە (گرۆس) هۆرمۆنیان زۆرە كە نەشونما بەئەندامەكانی لەش دەكات، لەوانە



ئەندامی زاوزێ، لەم حاڵەتەدا دەبێت سەردانی پزیشك بكەن، هەروەها ئەو كچەی كە تا ١٦ ساڵی عادە نابێت، دەبێت سەردانی پزیشكی تایبەتی بكات، چونكە لەوانەیە پەردەی كچێنی كونی تێدانەبێت، هەموو خوێنەكە لەناو رەحەمو منداڵداندا كۆدەبێتەوەو دەچێتەوە ناو سكی‌و تووشی نەخۆشی قورسی دەكاتو دەبێتە هۆی نەزۆكی یان لەوانەیە هێلكەدانی لاواز بێت یان ئەو هۆرمۆنەی كە لەناو سەنتەری مێشكدایەو پێیدەڵێن هۆرمۆنی (GNRH) چالاك نەبێت ئەمەش دەتوانرێت لەرێگەی دەرمانەوە چارەسەربكرێت ئەگەر خەلەلی كرۆمۆسۆمی نەبێت".

هەروەها ئەوەشی گووت "كە لەكۆمەڵگەی كوردیدا بەهۆی نەریتی كۆمەڵایەتییەوە دایك خەمی منداڵەكەی نییەو زانیاری پێنادات، پێیوایە شتێكی عەیبەیە كەكچەكەی گەیشتە تەمەنی عادە بوون وادەزانێت ئەو كچە گەورە بووەو تا شوو دەكات ئەركێكە لەسەرشانی، لەبەرئەوە ئەو دایكانەی كەرۆشنبیرنین رێنمایی‌و زانیاری نادەن بەكچەكانیان، لەوانەیە ئەو كچە لەخوێندنگە یا شوێنێكی دیكە تووشی عادە بوون بێتو حاڵەتێكی دەروونیی بۆ كچەكە دروستدبكات. بۆیە پێویستە لەسەر دایكان كەكچەكانیان گەیشتە تەمەنی عادەبوون رێنماییان بكەن، چونكە ئەمە حاڵەتێكی فەسلەجییەو هەموو كچێك دەبێت پێیدا تێپەربێت، ئەوەی نەیبێت كەواتە نەخۆشە".

دكتۆرە شەونم گووتیشی: زۆرجار عادەی یەكەم زۆر دەخایەنێتو كچەكە تووشی حاڵەتی كەمخوێنی دەبێتو هەروەها تووشی شۆك دەبێت، جاری وا هەیە دوومانگ دەخایەنێت، دواتر دەیهێنن بۆ نەخۆشخانە، لەبەرئەوە خۆی عادەی ئاسایی تا ٧ رۆژە، لەوە تێپەری كرد دەبێت سەردانی دكتۆر بكات، حاڵەتمان هەبووە دوومانگ بوو عادە بوو، دایكی هێناویەتی خەلەلی هۆرمۆنی هەبووە، چونكە هۆرمۆنی ئافرەتو هێلكەدانی ئامادە دەبێت بۆئەوەی منداڵ دروستبكات، دەبێت پێش هەژدە ساڵ بێت، جاری واهەیە كچەكە تا ئەو تەمەنە ئەو كێشانەی هەیەو عادەكانی نارێكە، لەبەرئەوە یەكەم حاڵەتی عادە دەبێت دایكەكە زۆر ئاگای لەمنداڵەكەی بێت، خۆی عادەبوون ناواختی رەحمە هەموو مانگێگ ئەو پەردەیەی كە بۆ ٢٥ رۆژ دروستبووە ئەگەر هێلكەدان تۆوی تێنەكاتو نەبێتە كۆرپەلە ئەو پەردەیە وردە وردە خوێنی كەم دەبێت وەك خانەیەكی مردووی لێدێتو وەك عادە بوون دێتە خوارەوە، لە حاڵەتی عادە بووندا كەمی‌و زۆری خوێن گرنگ نییە، بەڵكو گرنگە لە كاتی خۆیدا بەرێكوپێكی رووبدات، لەكاتی عادەبووندا جیماع حەرامە ئەمە زانستی پزیشكی سەلماندویەتی، چونكە ئەگەری هەیە تووشی نەخۆشی نەزۆكی لێدەكرێت، لەبەرئەوە ئەو خوێنی عادە بوونەكە دەگەرێتەوە بۆ بۆرییەكانو تووشی ئیلتیهاباتیان دەكاتو نەزۆكی دروست دەكات.

هەروەها هێمای بۆ هەندێك رێنمایی كرد وەكو" خۆشتن لەكاتی عادەبووندا هیچ پەیوەندیی نییە بە وەستانی عادەكەوە، بەڵام لەكاتی خۆشۆردندا ئەوكەسە پاكدەبێتەوە، دەبێت بەردەوام خۆیان بشۆن. هەروەها لە عادەبووندا جیماع باش نییە، چونكە ئەو ئەندامە لەحاڵەتێكی تایبەتدایەو لایەنی دینیش هەروا دەڵێت، لەرووی كۆمەڵایەتیشەوە دەبێت لەوكاتەدا مێردەكە موراعاتی ژنەكەی بكات نەك لێی دووربكەوێتەوە، بەداخەوە زۆر لەپیاوان وادەزانن دەبێت لەو ماوەیەدا لەژنەكانیان دووربكەونەوە، لەبەرئەوەی قێزەونە، كەئەمە هەڵەیە دەبێت پیاو ئاگاداری ژن بكاتو بێتاقەتییەكانی كەمبكاتەوە".

كۆمەڵناسانیش لەسەر ئەوە كۆكن كە خێزانو دەزگا پەروەردەییەكانی دی نەیانتوانیوە زانیاری پێویست بدەن لەسەر حاڵەتی سوری مانگانە. مامۆستا نەجات محەمەد فەرەج مامۆستای بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانی‌و توێژەری كۆمەڵایەتی دەڵێت" ئەوەندەی شارەزایی خێزانی كوردیم، هەر لەبنەرەتەوە كەسەیری ئافرەتو پیاو دەكرێت لەكۆمەڵگەی كوردیدا بەدوو شتی جیاواز سەیریان دەكەین، كەهەمیشە لایەنە سێكسیەكانی ئافرەت، یاخود گەشە سێكسیەكانی ئافرەتو گەشەی فسیۆلۆژی ئافرەت بەشێوەیەكی عەیبە، یاخود نامەشروع، یاخود لەژێر پەردەیەكی شاراوەدا تەماشای دەكرێت، كەچی بەپێچەوانەوە كەكورێك دەگاتە قۆناغی هەرزەیی دایكو باوك پێیان خۆشەو شانازی پێوە دەكەن، كەچی كەكچەكەیان دەگاتە قۆناغی باڵغبوونو وردە وردە ئەو نیشانانەی لەسەر دەردەكەوێت پێیان ناخۆشەو هەست بەشەرم دەكەن، لەبەرئەوەی ئەو لایەنانەو گەشە فسیۆلۆجی‌و سروشتییانە كە كچەكەیان دەیكات هەمیشە بەشەرمەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەكەنو دەیشارنەوە لەژێر پەردەیەكداو لەكاتێكدا ئەو دایكە بەهەمان گەشەدا رۆیشتووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ كەم شارەزایی‌و نارۆشنبیری دایك".

ئەوەشی گووت كە قۆناغی هەرزەكاریی قۆناغی گواستنەوەی پێدەڵێن، واتە ئەو كائینە بایۆلۆژییە دەگوێزێتەوە لەقۆناغی منداڵییەوە بۆ قۆناغی پێگەینو خەسڵەتی هەردوو قۆناغەكەی تێدایە، ناسكترین قۆناغە چ لەژیانی كور یان كچدا، بەتایبەتی لەژیانی كچ، چونكە عەیبە شارەزایی هەبێت لەسەر لایەنە جەستەییەكانو سێكسیەكانی خۆی، بەڵام بۆ كور ئاساییە. مامۆستا نەجات ئاماژەی بۆ ئەوەشكرد بەشی زۆری ژیانی مرۆڤ لەناو خێزاندایەو ئەو ژینگەیەشە كە بۆ یەكەمجار منداڵ چاوی تیادەكاتەوە، كەواتە بەرپرسیی یەكەم دەخەینە ئەستۆی خێزان



بۆئەوەی شارەزایی تەواو بدەن بەمنداڵەکانیان لەگەڵ گەشە کردنیان بەتایبەتی لایەنی سێکسیو ئەندامی زاوزێکردن، چونکە ئەم ئەندامانە ئامادەبێت بۆئەوەی ئەو کچە بتوانێت لەژیانی داهاتوویدا ببێت بەدایکێكو منداڵ بەخێوبکات، لەبەرئەوە عادەی مانگانە یەکێکە لەنیشانەی پێگەیینی ئەو کچە هەر لەسەرەتاوە دایکی شارەزاییو باسی بۆبکات کەئەم کچە گەورە دەبێت. لەهەندێك لەکۆنەکاندا هەیە، یاخود بڵێین لەخێڵە سەرەتاییەکاندا ئەم قۆناغە دەکەن بەمەراسیم کە کچێك گەورەدەبێتو بەرەو عادەی شەرعی دەڕواتو هەروەها بۆ کوڕیش بەمژدەیەکی خۆشی بەخش دادەنرێت بۆ ئەو قەبیلەیە، چونکە ئەو کچو کوڕە چوونەتە قۆناغی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ژیان، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەپێچەوانەوە بەهۆی کەم شارەزاییو ناڕۆشنبیرییەوە واسەیری ناکرێت، لەبەرئەوەی دایکەکە خۆی شارەزایی نییە، ناشتوانێت کچەکەی ئامادەبکات بۆ ئەو قۆناغە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خێزان ئەو ڕۆڵەی نەبینیوەو قوتابخانەش ئەم ڕۆڵەی خۆی نەبینیوە، جاران بابەتی ماڵداری هەبوو کەبەشێکی تایبەت بوو بەباڵغبوون. مامۆستا ئەو بەشەی تەرکدەکرد کەخۆم خوێندکار بووم مامۆستاکەم ئەو بەشەی تەرککردو شەرحی نەکرد، بەڵام بەڕێوەبەری خوێندنگەکە بۆی شەرح کردین لەهەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە بوو، بەڵام بەداخەوە وایدەبینم زۆر لەمامۆستایان نەتوانن یا ئەو جورئەتەیان نەبێت. بۆیە دەبینین کە کچ دەکەوێتە حاڵەتی عادەبوونەوە زۆربەیان تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن، چونکە وادەزانێت خوا غەزەبی لێگرتووە، هەروەها حەز بەتەنیاییو بەنامۆبوون دەکات لەبەرئەوەی نازانێت چییەو شارەزایی نییەو پێی نەدراوە.

خۆم وەك دایکێك توانیومە ئەو ڕۆڵە بگێڕم چ بۆ کوڕەکەمو چ بۆ کچەکەم شارەزاییو زانیارییان پێبدەمو ڕێنماییم کردوون. لێمان تێکنەچێت بەدەر لەکێشەی دەروونی کێشەی جەستەییش دروستدەبێت لەم حاڵەتەدا، چونکە کچ نازانێت لەو قۆناغەدا پارێزگاری خۆی بکاتو ئەندامی زاوزێی تووشی نەخۆشی دەبێتو کار لەداهاتووی دەکات. کاتێك هێلکەکە دەگاتە ئەو شوێنەی کەدەبێت ببینرێت لەپێش دەورەکەدا کەناپیتێنرێت حاڵەتێکی دەروونی لەلای ئافرەتەکە ڕوودەدات هەست بەتووڕەبوونو بێتاقەت بوون دەکات لەبەرئەوە لەوکاتەدا ئافرەت موراعاتێکی تایبەتی دەوێت".

ئەگەرچی چەندین ڕێکخراوی ژنان لە کوردستاندا هەیە بەڵام کەمترینیان کارییان لەسەر وریاکردنەوەی ژنان کردوە لەسەر حاڵەتی سوری مانگانە، کەمترین ووٚرك شۆپو خول لەو بوارەدا کراونەتەوە. ڕووناك فەرەج لێپرسراوی بەشی تەندروستی یەکێتیی ژنانی کوردستانی گووتی" لەساڵی ١٩٩٣ بەبەردەوامی کار لەسەر عادەبوونی ژنان دەکەینو هەموو هەفتەیەك دوو کۆڕی تەندروستیمان ئەنجامداوە لەسەرەتادا بەلای کچانەوە زۆر نامۆبوو هەندێکجار هەندێکیان دەبوورانەوە، چونکە بۆیان باسنەکردبوونو قورس بوو بەلایانەوە هەندێکیان دەچوونە دەرەوەو هۆڵەکەیان بەجێدەهێشت، بەڵام ئێستا بەشێوەیەك کچان خۆیان سەردانمان دەکەنو پرسیارمان لێدەکەنو داوای کۆڕمان لێدەکەن لەقوتابخانەکاندا، بەڵام یەکەمجار بەزۆر دکتۆرمان دەوت نەدەهاتو نەیدەتوانی بۆیان باسبکات، بەڵام دکتۆرە ژیان ئەحمەد یەکەم کۆڕی تەندروستیی بۆ ئەنجامداین لەساڵی ١٩٩٣ لەدوای ئەمە دکتۆرەکان هەموویان دەوری سەرەکییان بینیووە بەتایبەتی دکتۆرە نەسرینو ژیانو شەمام، دکتۆر دلێر-یش کۆڕی ئەنجام دەدا بۆ کوڕان، چونکە کوڕانیش کێشەیان هەیە".

هەروەها ئاماژەی بەوە دەکات کەلەساڵی ١٩٩٧ نامیلکەیەکیان دەرکردوە بەناوی (ژنو ژیانو گرفتەکانی) ئەم نامیلکەیە داواکاریی زۆر بوو لەبەرئەوە وایلێکردین نامیلکەیەکی چڕوپڕتر دەربکەین، بۆ خوێندکاران ببێت بەپرۆگرامی خوێندن لەخوێندنگەکاندا، دکتۆرە ژیان ئەحمەدو دکتۆر دلێر ئەو نامیلکەیان نووسیی لەساڵی ٢٠٠٤ ئەو کاتە دکتۆرە شەونم وەزیری پەروەردە بوو، نامیلکەمان بردو لەگەڵ د. محەمەد خۆشناو کەوەزیری تەندروستی بوو ڕێککەوتینو پرۆگرامەکەی پێ باش بوو، بەڵام بەداخەوە دکتۆرە شەونم گووتی: ئەم پرۆگرامە لەخوێندنگەکاندا خراپە بڵاوبکرێتەوەو چۆن دەبێت لەئێستاوە منداڵ فێری ئەم شتانە بکەین شتێکی زۆر ناخۆش بوو بەلامانەوە هەرچەندە عومەر شێرەمەڕی وەکیل وەزیر پێی باش بوو لەبەرئەوەی کە کچ لەم تەمەنەدا بەم گۆڕانکارییانەدا دەڕوات هەقی خۆیانە بزانن، بەڵام ئێمە هەر بەردەوام بووین".

گووتیشی" لەمساڵدا لیستێکمان بۆ خوێندکاران کردووە لەسەر کۆئەندامی زاوزێ بەناوی (کچو گۆڕانکارییەکانی)و شتەکان بەڕوونی لەخوێندنگەکاندا باسدەکەین هەتا لەگەڕەکەکانیشدا، ڕۆژێك بۆ دایکانو ڕۆژێك بۆ خوێندکاران باسیدەکەین، چونکە ژنیش کێشەی هەیە هەر کچ نییە، چونکە تائێستاش نازانن نیشانەکانی عادەبوون چییە، هۆکارە ئاساییەکان لەکاتی عادەبووندا چییە، بۆنموونە لەو کاتەدا بۆ سك ئێشەو پشت ئێشەیەك دەچێتە لای دکتۆر، بەڵام کە دەچین سەردانیان دەکەینو بۆیان ڕووندەکەینەوە کەقەلەقی کاریگەریی هەیەو لەکاتی تاقیکردنەوەکان، عادەبوونتان دوادەکەوێت، ئاسایی دەبنەوەو پرسیاری زۆریش دەکەن". ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ڕێکخراوەکانی ژنان بەگشتیی کاری باشیانکردووە لەهۆشیارکردنەوەی هەرزەکاران، بەڵام ١٠٠٪ نا، چونکە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك گەنج پێدەگاتو دەچینە خوێندنگەکان دوو قۆناغ وەردەگرین بەڵام ئەگەر لەپرۆگرامی خوێندندا بێت باشترە، هەروەها لەخێزاندا هەندێك دایك ڕۆڵی هەیە دەتوانم بڵێم ٧٠٪ دایکەکان ڕۆڵیان بینیوە لەزانیاری پێدان بۆ منداڵەکانیان.

روناك فەرەج باسی لەوەشکرد کە" یەکەم کێشە لەساڵی ١٩٩٣ هاتە لامان دایکێك بوو وتی: دوو ڕۆژە کچەکەم دیارنییە، ئێمەش وەکو بەشی کۆمەڵایەتی یەکێتیی ژنان زۆر گەڕاین بیرمان بۆ شتی خراپ دەچوو، دواتر دۆزیمانەوە لەماڵی خاڵێکی بوو، دوای ماوەیەك دایکی پێیوتین کەکچەکەی عادەبووە، منیش وتوومە باوکت بزانێت دەتکوژێت ئیتر کچەکە رایکردووە، وایزانیوە شتێکی خراپی بەسەر هاتووە، داواکاریشم لەوەزارەتی پەروەردە ئەو پرۆگرامە بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە بۆئەوەی منداڵ بۆخۆی لەیەکی ناوەندییەوە هەموو شتێك بزانێت، ئێمە وەك یەکێتیی ژنان کارمان زۆر بۆکردووەو بەئاماریش لامان هەیە".

پرۆفیسۆر نزار محەمەد محەمەدەمین پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان ئاماژەی بەوەدا کە "سوڕی مانگانە شتێکی



## سوڕی مانگانە حاڵەتێکی فەسلەجی سروشتییە کە لەهەموو ئافرەتێکدا لەتەمەنی ١٢ بۆ ١٦ ساڵیدا دەبێت رووبدات

سروشتییەو ئاساییە ئەو کێشە دەروونییانەی کەپەیوەندی بەسوڕی مانگانەوە هەیە بریتین لە: گۆڕانی لەشی کچ‌و مەمکی دروستدەبێت هەروەها حەوزی گەورە دەبێت‌و هەندێك نیشانەی تری لێدەردەکەوێت کەنیشانەی باڵغ بوونی پێدەڵێن". گووتیشی "ئەمە لەو خێزانانەی کەکچی گەورەتریان هەیە یان دایکێکی گەنج واتە جیاوازییەکی زۆر لەتەمەندا لەنێوان دایکەکەو کچەکەدا نییە، واتە دایکەکە خۆشی سوڕی مانگانەی هەیە یان کچە گەورەکە سوڕی مانگانەی هەیە کێشەکە زۆر گەورەنابێت، هەروەها ئەو دایکانەی کە زۆر گەورەن لەتەمەندا لێبوونەتەوە لەسوڕی مانگانەی بەڵام نزیکن لەکچەکانیان واتە شەرم نییە لەنێوانیاندا، کێشەکە گەورەنییە، بەڵام کێشەکە لەو کچانەی کەتاقانەن بۆنموونە یان دایکیان نییە یان خوشکی لەخۆیان گەورەتریان نییە دەردەکەوێت، بەهیچ شێوەیەك نە مامۆستا لەخوێندنگە باسیکردووە بۆیان نە کەسێکی نزیکی خۆیان باسیکردووە بەڕاستی ئەم جۆرە کچانە تووشی شۆك دەبن‌و وادەزانن نەخۆشن، هەندێکیان وادەزانن تووشی خوێن بەربوون بوون، لەبەرئەوەش کەشوێنەکە هەستیارەو بەتایبەت ئەو کچانەش کەتۆزێك شەرمن‌و کچ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا شەرمنە کەباسی هەرشتێك بکرێت پەیوەندی بەئەندامی زاوزێی مرۆڤەوە هەبێت بێگومان هەوڵدەدەن باسینەکەن‌و بیشارنەوە لەبەرئەوە تووشی کێشەیەکی دەروونی دەبن‌و تووشی ترسێك دەبن، تووشی خورپەیەك دەبن‌و کێشەکەش لەوەدایە کەناتوانێت باسیبکات، ئیتر پەنگدەخواتەوە لەناو دەروونیداو دەبێت بەهۆی دڵەڕاوکێ‌و بێئارامی هەتاکو یەکێکی دەستدەکەوێت بتوانێت پرسیارێکی لێبکات یەکێك بێت بتوانێت باسی هەست‌و موعاناتی خۆی بۆبکات.

هەروەها لەناو ئەو کچ‌و ژنانەشدا روودەدات کە لەگەڵ خولی مانگانەیاندا چەند گۆڕانکارییەکی دەروونی روودەدات تێیاندا کەپێیدەڵێن (ئەو نیشانانەی کەپێش دەرکەوتنی سوڕی مانگانە دەردەکەوێت) کەهەموو مانگێك دووبارەدەبێتەوە، ئەویش لەئەنجامی چەند گۆڕانکارییەکی هۆرمۆنی ماددەی ئاو هەندێك لەکانزاکان لەناو جەستەی ئەو ئافرەتەدا زیاد دەکات‌و دەبێت بەهۆی دروستبوونی فشارێك لەسەر مەمك. جەستەی ئەو کچە ئیتر وەك ئازارێك هەتا ئەگەر دەستێك بەر مەمکی بکەوێت ئازارێکی تێدا دروستدەبێت، جگە لەم نیشانە جەستەییانە کچەکە تووشی دڵتەنگی‌و بێتاقەتی دەبێت زۆر ناسك دەبێت تەحەمولی گاڵتە ناکات غەمبار دەبێت، ئەو گاڵتانەی کەپێشتر لەگەڵیاندا دەیکرد لەم حاڵەتەدا دڵی پێی عاجزدەبێت‌و توڕەدەبێت‌و هەڵدەچێت‌و رەنگە جنێو بدات یان بگاتە رادەیەك لەهەندێك ئافرەتدا دەستیش بووەشێنێت. ئەمە چەند رۆژێك بەردەوام دەبێت لەوانەیە سێ چوار رۆژ یان هەفتەیەك پێش دەرکەوتنی خوێنەکە، بەڵام بەگشتیی دوای ئەوەی خوێنەکە دەستپێدەکات ئیتر ئەم نیشانانە بەرەبەرە کەمدەبنەوەو کچەکە باشدەبێت‌و ئەو نیشانانەی تێدا نامێنێت تا نزیك سوڕی مانگانەی داهاتوو، زۆرجار ژنەکە یان کچەکە خۆی پەی بەوەنابات کەئەم گۆڕانکارییانە پەیوەندی بەسوڕی مانگانەوە هەیە، هەروەها کەسوکاریش درکی پێنابەن بەهاوسەرەکەشیەوە، دەبێت ئەم کچە یان ژنە کە دڵی ناسکدەبێت هەندێك شتی نابەجێ دەکات یا نابەجێ دەبێت وەکو مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەوەبکەن کەئەم کچەکە کە لەقۆناغێکی کاتیدایەو چاکدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ناکۆکی لەنێوان ژن‌و مێرد داو کچ‌و باوك یان دایك یان کچێکی تر یان براکەی لەناو خێزاندا، رەنگە کار لەڕەوتی خوێندنی ئەو خوێندکارە بکات، هەروەها کار لەڕەوتی کارکردنی فەرمانبەران دەکات. ئەوانە ئەو نیشانە دەروونییانەن کەپەیوەندییان بەسوڕی مانگانەوە هەیە".

ئەوەشی گووت"کەسوڕی مانگانە دەوەستێت واتە ئافرەتەکە دەگاتە قۆناغێك کە بەداخەوە ناوێکی زۆر ناخۆشی هەیە پێی دەڵێن: (تەمەنی بێ ئومێدی) لێرەدا ئافرەت واهەست دەکات کە لەمێینەیی خۆی بووەتەوە، هەستی بەمێینەیی خۆی لاوازدەبێت‌و سیقەی بەخۆی کەم دەبێت‌و وا هەستدەکات کەئافرەتێکی بەبەرهەم نییە، چونکە ناتوانێت ئیتر منداڵی ببێت، چونکە لەو قۆناغەدا هەندێك گۆڕانکاری لەئەندامی سێکسیدا روودەدات، دەردراوە جنسییەکان کەمدەبێتەوە، رەنگە لەکاتی نووستندا لەگەڵ مێردەکەیدا وەکو جاران ئەو چێژو لەزەتەی تیانەبینێت دیسان هەست بەغەمباری‌و خەفەت دەکات رەنگە، دواتر بکەوێتە قۆناغێك کەقۆناغی خەمۆکی پێدەڵێن بۆیە دەبێت بەسنگێکی فراوان‌و تێگەیشتنەوە مامەڵە



چێنەرو
حەیدەر دوو
هاوڕێی
خۆشەویستو
نهێنی پارێزی
یەکتر بوون،
بەڵام دواجار
حەیدەر
ناپاکی لە
هاوڕێکەی
دەکاتو
دەبێتە هۆی
لەباربردنی
خەونی دوو
کەس

# کاتێك ناپاکی هاوڕێیەك دەبێتە هۆی ناکام بوونی خۆشەویستی

ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

من کچێکی تەمەن ١٩ ساڵان بووم لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.. لەناو کچە هاوپۆلو هاوڕێکانم لە هەموویان دڵخۆشتر بووم، نە ماموستاکانم، نە ماڵەوەمان، نە خوێندەکارەکان گلەییان لێم نەبوو. هەرگیز کێشەم بۆ درووست نە دەبوو. تا رۆژێك، کوڕێك بەناوی (حەیدەر) کە یەکێك بوو لە هاوپۆلەکانم گوتی﴿ پەروین خان، من هاوڕێیەکم هەیە بەناوی (چێنەر)زۆر عاشقت بووە، بەراستیەتیو کوڕێکی زۆر باشەو دەمێکە بەمنی گوتووە، بەڵام لەرووم نەدەهات بەتۆی بڵێم﴾. حەیدەر هەندێ قسەی دیکەی کردو رۆیشت، بەڵام وەڵامی منیش بە (نەخێر)بوو. چەند رۆژێکی دیکەی پێچوو کاتی لەگەڵ هاوڕێیەکم چوومە دووکانێك کە لەسەر رێگەی خوێندنگەکەم بوو، حەیدەر لەوێ راوەستابوو، کاتێك شتم دەکڕی خاوەن دووکانەکە زۆر سەیری دەکردم، بەهەرحاڵ ئەو رۆژە چوومەوە ماڵو بۆ بەیانی حەیدەر لە خوێندنگە گوتی﴿ ئەو خاوەن دوکانەی ئەو رۆژە تتان لێکڕی، چێنەر بوو دوای تۆ ئارامی لێبڕابوو﴾.

منیش گوتم﴿ بەمن چی؟﴾. گوتی " چۆن بەتۆچی؟ هەروەکو شێتی لێهاتبوو". بەڵام من هەر سور بووم لەسەر قسەی خۆمو گوتم ﴿ من بڕیارم داوە خۆشەویستی نەکەم، با ئەویش وازم لێ بهێنێ، تۆش جارێکی دیکە ئەم باسەم لا مەکەوەو مەیەوەلام﴾. چەندە هەفتەیەکی پێچوو هەموو رۆژێك بە مۆبایل پەیوەندی بە نۆرماڵەکەمانەوە دەکرد، گەر ماڵەوەمان وەڵامیان دابایەوە دایدەخستەوە بەڵام گەر من هەڵمگرتبا دەستی بە قسەکردن دەکرد.. بەڵام خودا هەڵناگرێ قسەکانی بێ ئەدەبانە نەبوون. منیش هەموو جارێك دامدەخستەوە، ماوەیەك هەروابوو شەوێك بەتەنیا خۆم لەماڵ بووم تەلەفۆنی کرد بەڵام سەرەتا نەمزانی تەلەفۆنەکانی پێشتر هەر چێنەر بووە بەڵکو کەمێکم هەست پێکردبوو، کاتێك کە تەلەفۆنەکەشم هەڵگرت پێمگوت "خێرا قسەکانت تەواو بکە من کارم هەیە"، بەڵام ئەو زۆر پاڕایەوەو گوتی ﴿ تەنیا ئەوندە بزانە دڵم داوای چی دەکات، خودا ئاگادارە من زۆر بەراستیمە بڕوام پێبکە﴾. منیش پێمگوت" زۆر بێسودە کاکە وازم لێ بهێنە" بەڵام ئەو بێدەنگ نەبوو هەر قسەی دەکرد، منیش تەلەفۆنەکەم لەسەر داخستەوە.

عادەتەکانی ئەم کوڕە زۆر باش بوو، هەرگیز نەدەهاتە سەر رێگەی خوێندنگەمو بەدواشم نەدەکەوت، ئەو یان بە تەلەفۆن یان خوشکەکانی دەنارده لام، هەر ئەوەش بوو دڵی منی خۆشکردو پێی رازی بووم. شەوێکیان، زۆر بەلامەوە سەیر بوو. بۆیەکەمجار بوو لە ژیانمدا پێمخۆشبێ گوێ لە قسەکانی بگرم.. ئەو یەك کاتژمێر زیاتر قسەی کرد، یەکێك لەو قسانەی کە من زۆر پێمخۆش بوو، بەدڵم بوو گوتی" من بەتەنیا عاشقی سیمات نەبووم، بەڵکو عاشقی ئەخلاقیشت بووم" لەگەڵ ئەوەی کە تۆزێك نەرم ببووم، بەڵام هەر وەڵامی داواکاریەکانیم نەدەدایەوە، چێنەر لەگەل ئەوەشدا بۆ بەدەستهێنانی دڵی من لە هەوڵدان نەدەکەوت، ئەم چیرۆکە ساڵێکی تەواوی پێچوو. کاتێکی زۆر بوو منیش هەوڵمدا ئەو هەستەی کە لەلام درووست بوو لە بەرامبەری پەرەی پێبدەم، رۆژێك کە تەلەفۆنی بۆکردم گوتی﴿ هێشتا هەر لەسەر قسەی خۆتی؟ باش بزانە تا مردن هەر هی منی﴾.. نەمتوانی هیچی پێبڵێمو هیچ قسەیەکم پێ دەرنەبڕدرا.. بەڵام دواتر تەلەفۆنم بۆ هاوڕێکەم کردوو پێمگوت کە تەلەفۆن بۆ چێنەر بکاتو پێی بڵێی من رازیم. وابزانم کاتژمێرێك زیاتر بوو چێنەر تەلەفۆنی کرد لەخۆشیان مەپرسە چی دەکرد " سەد جار خۆی بەقوربان کردم" زۆر دڵخۆش بوومو پاکانە بەڵێنمان بە یەکتریدا، لەبەر ئەوەی ئەو ساڵە نەخۆش بووم نەمتوانی تاقیکردنەوەی سەری ساڵ بکەم بۆیە دەرنەچووم.. نازانم بۆ وام لێهات تەواو عاشقی چێنەر بووبوم، بۆ تەنها رۆژێکیش گەر گوێم لە دەنگی نەبایە شێت دەبووم. هەشت مانگ بەسەر پەیوەندیەکەمان تێپەڕی نەمزانی لێی دوور دەکەومەوەو تووشی دەردێکی قورسی دووری دەبم، دووری چێنەریش کە زۆر بەسوێ بوو، وادیاربوو کە خۆشی زۆر لەگەڵ ئەم سەفەرە نەبوو، نەیدەویست جێم بهێڵێ.

بەڵام لەبەر پێداگری خاڵو دایکی دەبوو بچێت بۆ ئێران، خاڵێکی لەشاری مەهاباد بوو، کوڕە خاڵەکەی سەفەری کردبوو دەیویست چێنەر یەکێك لە دووکانەکانی بۆ بەڕێوەبەرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چێنەر ئیشی ئێرەشی زۆر باش نەبوو، لێرەش شەریکی دووکانەکەی چێنەر نیازی چوون بۆ ئەورووپای هەبوو، بۆیە دووکانەکەی ئێرەیان بە تەواوی چۆڵ کردو کاتێك من زانیم لای چێنەر دەستمکرد بە گریانو پێمگوت یان دەبێت وازم لێبێنی یان نابێت بچیت بۆ ئێران، بەڵام لەو کاتەدا چێنەر دڵخۆشی دەدامەوەو دەیگوت" ئەم سەفەرە بە دڵی خۆم نییە بەڵکو ئەوە رۆژگارە وام لێدەکات، بەقوربان گەر چەند ساڵێك لای خاڵم کار بکەم، دەتوانم بەبێ منەتی لەگەڵ تۆدا زەماوەند بکەم.. خەمت نەبێ هەرگیز لێت بێخەبەر نابم، ئەوا حەیدەری هاوڕێشم ئاگاداردەکەم هەرکاتێ بمەوێ تەلەفۆنت لەگەڵ بکەم پێی دەڵێم مۆبایلەکە بۆ تۆ بێنێ زۆریش لێم دڵنیابە".

بەگریانەوە کۆتایی بەقسەکانی هێنا. منیش ناچار رازیبووم ئەو بۆ بەیانی زوو بەڕێکەوتو سەفەرەکەی دەستپێکرد. ئەو رۆژە نەچوومەوە بۆ خوێندنگە، ئەو زۆری خۆشدەویستم تەنانەت کاتێك گەیشتە سنووری ئێران تەلەفۆنی کردوو زۆر دڵی خۆشکردم، دوای هەفتەیەك حەیدەر گوتی" پەروین خان چێنەر تەلەفۆنی کردو زۆر هەواڵی تۆی دەپرسیو دەیگوت" زۆرم خۆش دەوێت با لەبیرم نەکات تا لەبیری نەکەم" منیش بەو قسەیە زۆر دڵم خۆش بوو، دوای مانگێك مۆبایلی خۆی بۆهێنامو گوتی ئەوە چێنەرە لەسە خەتەو قسەی لەگەڵ بکە، منیش قسەم لەگەڵ کرد، خۆشبەختانە هەموو سەرە مانگێك تەلەفۆنی دەکرد، بەداخەوە من لەبەر ماڵەوەمان نەمدەتوانی مۆبایل بەکار بهێنم، ناچار مۆبایلی حەیدەرم بەکار دەهێنا یان ئەو تەلەفۆنی بۆ دەکردم..

بە درێژایی ئەو ماوەیە من خەمی پشووی هاوینم بوو، کە چۆن مۆبایلەکە لە حەیدەر وەربگرم، گەرچی ئەوانیش ماڵیان زۆر لە ئێمە دوور نەبوو ئەوان تەلەفۆنی نۆرماڵیشیان هەبوو، بەڵام هەر خەمم بوو، پشووی هاوین هاتو لەم ماوەیەدا تەنیا دووجار لەگەڵ چێنەر قسەمکرد.. جارێك خوشکەکەی مۆبایلی بۆ هێنام بە سەدحاڵو بەدزی ماڵەوەمان.

لەسەرەتای ساڵی نوێ من چوومە پۆلی شەشەم حەیدەریش هەروا بەیەکەوە لە یەك پۆل دادەنیشتین ئەمەش دڵی زۆر خۆشکردم لەبەر مۆبایلەکەی. بەڵام زۆر سەیربوو لە سەرەتادا حەیدەر زۆر سەیر هەڵسوکەوتی دەکردو دەیگوت" من هەمیشە سەرم